# هەیڤ (54)

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
دەریدەکات



| پێشەنگیی قورئان لە یاسای نێودەوڵەتیدا




| گەلی ناورۆ و قورئـانی پیرۆز

| لە سوودەکانی باس و لێکۆڵـــینەوە لە بواری ئیعجاز و تەفسیری زانستی

بسم الله الرحمن الرحيم




زانا "لۆرد کڵـــڤن" و
بڕوابوونی بە بەدیهێنەر
09



لە مەترسییەکانی سەرجێیی
لەکاتی بێنوێژیدا!
12



نهێنیی شلەی ناو مێشك
19



ڕۆژوو گرتن و باشکردنی ئاگایی و
توانای فێربوون
22



نەخشەسازیی دارکونکەرە
36




موعجیزەیا ئاخفتنا مرۆڤی دناڤبەرا
زانستی و قورئانێدا
37


ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.

# هەیڤ


## بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002دا بلاو کرایەوە

ژمارە (54) هاوینی 2019ز - 1440ك

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی
محەمەد ڕەئووف ئەحمەد
009647701527323

دەستەی نووسەران
فاروق ڕەسووڵ یەحیا
محەمەد حسێن کەریم
د. کاوە فەرەج سەعدون
جەمال محەمەد ئەمین
د. محمد جميل الحبال
د. بەهێز محەمەد ساڵح

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد
zanyarkurdish@gmail.com

پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان:
سلێمانی - شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

# سەروتار

سەرنوسەر

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾ محمـد... زانـای ڕاڤـەکار (شـەنقیتی) دەڵێت: "خـوای گـەورە گلەیـی لـە بێبـاوەڕان و دووڕوان کردووە کـە لـە قورئـان ڕانامێنـن. دیـارە خـوای گـەورە تەکلیفـی هیـچ شـتێک لـە بەندەکانـی نـاکات ئەگـەر لـە توانایانـدا نەبێـت. جا ئەگـەر دووڕو و بێبـاوەڕ داوایـان لێکرابێـت ڕامێنن - کە ئەشـتوانن - کەواتـە موسـڵمان، ئەوانـەی کـە زانـا نیـن، بەتواناتـرن لـە بێبـاوەڕان و دووڕوان بـەوەی ڕامێنـن لـە قورئـان، ئەوانـەی زمانـی عەرەبـی دەزانـن، چونکـە ئـەوان بەتواناتـرن لـە تێگەیشـتن و بیرکردنـەوە لـە قورئـان، هـەر بۆیـە موسـڵمان دەبێـت گلەییـان زیاتـر لێبکرێـت ئەگـەر ڕانەمێنـن لـە قورئانـدا".

گـەر مرۆڤـەکان دەرگای دڵیـان دانەخسـتایە دەبـوا کـە قورئانیـان دەبیسـت کاری تێبکردانایـە، چونکـە قورئـان ئاسـان کـراوە بـۆ خوێندنـەوە و تێگەیشـتن و ئامـۆژگاری وەرگرتـن ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾ ﴾القمـر. دیـارە بـۆ تێگەیشـتن لـە دەقەکانـی قورئان پێویسـتی بە دڵێکی سـەلامەت و ئەقڵێکـی ڕوونبینـە. هەروەهـا دەبێـت لـە زمانەکـەی تێبگەیـن، ئـەو زمانـەی پێـی دابەزیـوە کـە بـە ﴿ لِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴾ە.. ناکرێـت یەکێـک ئەلفوبێـی عەرەبـی نەزانێـت و بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە کـەس پێـش ئـەو لـەو ئایەتـە تێنەگەیشـتووە!!

دەکرێـت سـەلیقەیەکی خۆڕسـکیی لـە زمانـی قورئـان خاوەنەکـەی ئاشـنا بـکات بـە مەبەسـتە سـەرەکییەکانی قورئـان.. بـا گـوێ لـەم ڕووداوە ڕاسـتەقینەییە بگریـن: دووای ئـەوەی ئافرەتێـك زۆر بێـزار دەبێـت لـە ژیانـی لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا و پێـی وا دەبێـت کـە چـی تـر ناتوانێـت لەگەڵـی بـژی، بۆیـە بڕیـار دەدات ئـەو کاتـەی مێردەکـەی دەردەچێـت بـۆ نوێـژی ئێـوارە، خـۆی بپێچێتـەوە و مـاڵ بەجێبهێڵێـت.. کاتێـت لـە مـاڵ دەردەچێـت لـە ڕێ گوێـی لـە پێشـنوێژی مزگـەوت دەبێـت ئـەو ئایەتانـە دەخوێنێتـەوە لـە سـورەتی (البلـد): ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ ﴾، واتـە: (بەڕاسـتی ئێمـە مرۆڤـمان بـەردەوام لـە نارەحەتی و کێشـە و ناخۆشـیدا دروسـتکردووە)، ڕادەچڵەکێت و دەڵێـت مـرۆڤ لـەم ژیانـەدا بـۆ نارەحەتـی دروسـت بـووە، سـەبر بکـەم لـە ماڵـی مێردەکەمـدا باشـترە لـەوەی بکەومـە بـەر تانـەی ئـەم و ئـەو و ماڵـی خـۆم تێـک بـدەم. بۆیـە دەگەڕێتـەوە ماڵـی خـۆی.

بەڵـێ ڕاڤەکردنـی قورئـان و دەرهێنانـی گەوهەرەکانـی پیـاوی مەیدانـی خـۆی دەوێـت، ئەوانـەی کـە ئامرازەکانی سـنعەتەکەیان لایـە و توانـای زانسـتییان هەیـە لـەو بوارانـەی کـە پێویسـتن بـۆ ڕاڤەکـردن، بـەڵام تێڕامـان لـە قورئـان کراوەیـە بـۆ ئەوانـەی دەیانەوێـت، لـەم پێناوەشـدا دەکرێـت، بەڵکو پێویسـتە، سـوود لە ڕاو و وتـەی ڕاڤـەکاران وەربگیرێـت، ئەوانـەی کـە جێـی متمانە و کۆدەنگیـی موسـڵمانانن لـە زانسـت و تەقـوا و دڵسـۆزیان. لـەم بوارەشـدا دەکرێـت زانایانـی زانسـتە ئەزموونییـەکان لـە قورئـان ڕامێنـن و لـە گۆشـەنیگای پسـپۆڕییەکانیانەوە وردەکاری خەلـق و ئیعجـازی زانسـتی هەڵقـۆزن، بـێ ئـەوەی داوایـان لـێ بکرێـت کـە پسـپۆڕ بـن لەڕاڤەکردنـی قورئانـدا، بـە تایبەتـی لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا کـە زانسـتەکان هێنـدە زۆر وردبوونەتـەوە و زانیارییـەکان هێنـدە زۆر بـوون لـە توانـی کـەم کەسـدا هەیـە - یـان هـەر نییـە - کـە دەورانـدەوری هەموویـان بـدات. بۆیـە ئـەم داوایـە پـێ ناچێـت ڕەوا بێـت کـە نابێـت کـەس توخنـی قورئـان بکەوێـت تـا هەمـوو ئالەتەکانـی ئـەو سـەنعەتەی پـێ نەبێـت! دیـارە کـە ڕوونـە کـە مەبەسـتمان دوورە لەوانـەی کـە بـە نیەتـی خـراپ و مەبەسـتی پـلان بۆدانـراو دەیانەوێـت بـە ئـارەزووی خۆیـان دەم وەردەنـە کەلامـی خـواوە.

کاری دەسـتەجەمعی و فـرە پسـپۆڕیی کـە هـەر یەکەیـان تەواوکـەری ئـەوی تـر بێـت، یەکێکـە لـەو ڕێگەچارانەی کـە بۆتە پێویسـتیی سـەردەم، بـە تایبەتـی لـە بـواری بەرەنگاربوونـەوەی پێشـهاتە فیکریـی و فیقهیـی و بانگەوازییەکانـدا. لـەم دیدەشـەوە بـۆ زیاتـر خزمەتکردنـی قورئـان، بـە تایبەتـی لـە بـواری ئیعجازی زانسـتییدا، پێویسـتیی زۆرمـان بـە کاری بەکۆمـەڵ هەیـە، بـەو مانایـەی کـە ئەندامـان و هاوکارانمـان لـە پسـپۆڕە جیاوازەکانـدا پێکـەوە کاری زیاتـر و باشـتر بکەیـن و پلانـی تۆکمـە دابڕێژرێـت بـۆ زیاتـر کارکـردن لـە بـواری زانسـتییدا.. هـەر لـەم میانەشـدا سـیمپۆزیەمی زانسـتیی هاوبەشـی نێـوان (ناوەندی کوردسـتان بۆ ئیعجـازی زانسـتی لـە قورئـان و سـوننەتدا) و (کۆلێجـی زانسـتە ئیسـلامییەکان- زانکـۆی سـلێمانی) هەنگاوێکـی پیـرۆز بـوو، هیواداریـن کـە کاری زیاتـر و قوڵـتری بـە دووادا بێـت، چ لەگـەڵ ئـەوان و چ لەگـەڵ پسـپۆڕان و زانکۆکانـی تـر.

﴿ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ التوبـة.



# دەوڵەمەندیی قورئان

﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الإسراء

﴿ وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ ﴿٦٩﴾ ﴾ يس

ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی     و: فارووق ڕەسووڵ یەحیا

ئەگەر دەتەوێت بەراوردێك لە نێوان حیكمەتی قورئانی حەكیم و زانستە فەلسەفییەكاندا ساز بكەیت و، بزانیت چ پەند و ئامۆژگارییەك لە هەردووكیان وەردەگیرێت و، ئەو زانستانەت دەست بكەوێت كە لە هەردووكیاندا هەن، ئەوا بە وردی و تێڕامان سەرنج لەمەی خوارەوە بدە:

قورئانی پیرۆز لە ڕێی ڕوونكردنەوە وردبین و بەهێزەكانی خۆیەوە پەردەی "ئولفەت" و ڕاهاتن دەدڕێنێت كە بەسەر ڕوخساری سەرجەم بوونەوەرانی گەردوونەوە دادراونەتەوە، ئەو بوونەوەرانەی وا باس دەكرێن كە چەند شتێكی ئاسایی بن، كەچی لە ڕاستیدا چەند كارێكی دەراسا و موعجیزەی مەزنی توانستێكی ناوازەن.

قورئانی پیرۆز بە دڕاندنی ئەو پەردەیە گەلێ ڕاستیی سەرسووڕهێنەر بۆ هەموو خاوەن هەست و شعوورێك دەخاتە ڕوو، هەروەك سەرنجیان بۆ لای ئەو وانە ڕەوانانە ڕادەكێشێت كە جێی پەند و ئامۆژگارین. بەم كارەشی دەرگای گەنجینەیەكی نەبڕاوەی زانست لە بەردەم ژیرییەكاندا دەخاتە سەرپشت.

بەڵام حیكمەتی فەلسەفە، هەموو موعجیزاتی خواوەند لە ژێر پەردەی ئولفەت و ڕاهاتندا دەشارێتەوە و - بێ بایەخ پێدان - بەسەریاندا تێدەپەڕێت، تەنانەت پشتگوێشیان دەخات و، تەنها چەند دانەیەكی كەمی "بەدیهاتووی نامۆ و دوور لە وردەكاریی بەدیهاتن و كەماڵی سروشتی" دەخاتە پێش چاوی خاوەن هەستان و، پێی وایە تەنها ئەو نموونانە حیكمەت و پەندیان تێدایە!

بۆ نموونە: ئەم مرۆڤە ڕێكوپێكەی كە لە "أحسن تقويم"دا بەدی هێنراوە و موعجیزاتی توانستی خوای گەورەی تێدا جەم بووە، "حیكمەتی فەلسەفە" كە سەیری دەكات، بە شتێكی ئاسایی دەیبینێت. بەڵام سەرنجی خەڵكی بۆ لای ئەو چەشنە مرۆڤە نارێك و شێواوانە ڕادەكێشێت كە لە كەماڵی بەدیهاتن بێبەش بوون، وەك ئەو مرۆڤەی سێ "قاچ" یان دوو"سەر"ی بۆ دروست كرابێت، دەچێت سەرنجی پەند و سەرسووڕمانیان بۆ لا ڕادەكێشێت!

نموونەیەكی تر: ژیاندنی گشت وردیلە و بێچووانی زیندەوەران بەوپەڕی ڕێكوپێكی لە لایەن گەنجینەكانی غەیبی پەنهانەوە، ئەم كارەی كە ناسكترین و گشتی ترین موعجیزاتی میهرەبانیی خواوەند لە بوونەوەراندا دەنوێنێت، ڕوانینی حیكمەتی فەلسەفە بە كارێكی "لەگەڵ ڕاهاتووی" ئاسایی دەیبینێت و، بە پەردەی ناشكوری و پێنەزانین دایدەپۆشێت. كەچی سەرنجی خەڵكی بۆ لای ژیاندنی مێروویەك ڕادەكێشێت كە لە ڕێسا لایداوە و لە دەستە هاوڕەگەزەكەی خۆی دوور كەوتووەتەوە و بە تەنیا و نامۆیی لە بنكی دەریاكاندا دەژی و خواردن و گوزەرانی لەسەر گەڵ ڕووەكێكی سەوزی بنكی دەریایە، بە ڕادەیەك ئەو نەرمونیانی و میهرەبانییەی خوای گەورە كە لەو مێرووەدا دەردەكەوێت، سۆز و بەزەیی و خەمی ڕاوچییان دەبزوێنێت و دەیانخاتە پەژارە و گریانەوە[1]!

لە تیشكی ڕووناكیی ئەم نموونانەدا سەیری فراوانیی سەروەت و سامانی "خواناسین"ی قورئان بكە لە بواری زانست و حیكمەتدا و.. لە هەمان كاتدا بۆ هەژاری و كەم دەستیی فەلسەفەش بڕوانە لە وانەكانی پەند و زانیاریی ناسینی بەدیهێنەری مەزندا.

لەبەر ئەم نهێنییەیە وا قورئانی پیرۆز (كە گەلێ ڕاستیی ڕووناك و نەبڕاوەی تێدا جەم بووە) پێویستی بە ئەندێشەی شیعر نییە.

هۆیەكی تری خاوێنی و دووریی قورئان لە شیعر، بریتییە لەوەی كە هەرچەندە قورئانی پیرۆز لە تەواوترین ڕێسای دەراسا و كامڵترین ڕێكوپێكیی ئیعجازبەخشدایە و، بە شێوازە ڕەنگینەكانی خۆی تەفسیری گونجاوی خشتی و قەشەنگیی سنعەتی خواوەند لە گەردووندا دەكات، دەبینین ئەم قورئانە بە وێنەی شیعر نەهۆنراوەتەوە، چونكە هەریەك

1-ئەم ڕووداوە بە واقیعی لە ئەمریكا ڕوویداوە. (دانەر)

له ئەستێرەی ئایەتەکانی قورئان خۆیان بە ڕێسای "کێش"ەوە نەبەستووەتەوە، بۆیە هەموو یەکێك لە ئایەتەکانی وەك مەڵبەند و برای زۆربەی ئایەتەکانی تر دەردەکەوێت، چونکە پەیوەندیی نێوان ئەو ئایەتانەی کە لە ناوەڕۆك و واتادا هاوپەیوەندین، بازنەیەکی فراوان دەنوێنێت، وەك بڵێی هەموو ئایەتێکی سەربەست (واتە خۆنەبەستوو بە ڕێسای کێش)ەوە دارای گەلێ ڕوو و چاوی زۆر و زەبەندەیە و بەهۆیانەوە زۆربەی ئایەتەکانی تر دەبینێت و بۆیان دەڕوانێت.

هەر لەبەر ئەمەشە کە هەزاران "قورئان" لە ناوەندی قورئانی پیرۆزدا دەبینین! بە ڕادەیەك کە بۆ هەموو خاوەن مەشرەبێك یەکێك لەو قورئانانە دەبەخشێت. بۆ نموونە سوورەتی (الإخلاص) گەنجینەیەکی مەزنی ئەوتۆی زانستی تەوحیدی تێدایە کە سی و شەش سوورەتی ئیخلاسی لەخۆ گرتووە و، لە تێهەڵکێش بوونی شەش ڕستە هاوپەیوەندییەکانیەوە پێکهاتووە، وەك لە وتەی بیست و پێنجەمدا ڕوون کراوەتەوە.

بەڵێ، نارێکییە ڕواڵەتییەکەی نێوان ئەستێرەکانی ئاسمان وای لە هەموو یەکێکی ئەو ئەستێرانە کردووە کە سەربەست بێت و بە هیچ کامی تریانەوە نەبەسترابێت. وەك بڵێی لە نێوان بازنەی دەوروبەری خۆیدا مەڵبەندی زۆربەی ئەستێرەکان بێت. بەم پێیە تاڵە دەزووی پەیوەندی بۆ یەك بە یەکی ئەو ئەستێرانە ڕادەکێشێت، وەك ئاماژەیەك بۆ پەیوەندییە پەنهانەکانی نێوان سەرجەمی بوونەوەران. دەڵێی هەموو یەکێك لەو ئەستێرانە - وەك ئەستێرەی ئایەتەکانی قورئان - خاوەنی چەندەها ڕووی ڕوانەر و چاوی بینەرە کە ئەستێرەکانی تریان پێ دەبینێت و ڕوویان تێدەکات.

دەسا تۆش بۆ خۆت لە ناوەندی نەبوونی ڕێکوپێکیدا، کەماڵی ڕێکوپێکی ببینە و پەند وەربگرە و، لەمەشەوە نهێنییەك لە نهێنییەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە بزانە کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓ﴾ یس!

هەروەها دانایییەکی تری: ﴿وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓ﴾ لەمەی خوارەوە وەربگرە و تێبگە:

کاری شیعر بریتییە لە جوانکردن و ڕازاندنەوەی ڕاستییە بچووکە کپ و کز و ونبووەکان لە ڕێی ئەندێشەی ڕازێنەری شاعیرەوە و، خستنەڕووی ئەو ڕاستییانە بە چەشنێك کە سەرنجی سەرسووڕمانی خەڵکی ڕابکێشن.. بەڵام ڕاستییەکانی قورئان هێندە بەرز و مەزن و خاوەن جازیبییەتن کە مەزنترین و ڕووناکترینی ئەندێشەکان لە چاویدا کورت و کز و ناتەواو دەردەکەون!

بۆ نموونە ئەم ئایەتانە: ﴿يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ ١٠٤﴾ الأنبياء، ﴿يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا ٥٤﴾ الأعراف، ﴿إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ جَمِيعٞ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ ٥٣﴾ یس، هەروەها حەقیقەتە بێ سنوورەکانی تری هاوچەشنی ئەم ئایەتانە لە قورئانی پیرۆزدا، شایەتن لەسەر ئەم ڕاستییە.

## ئاگاداری بۆ نووسەرانی ئازیزی گۆڤاری هەیڤ

تکایە لە کاتی نووسینی بابەتدا، ڕەچاوی ئەم مەرجانەی بڵاوکردنەوەی بابەت بکەن لە گۆڤاری (هەیڤ)دا:

1- بابەتەکان لە (1200) وشە زیاتر نەبن و درێژ نەبن. ئەم خاڵە توێژینەوە زانستییەکان ناگرێتەوە.

2- بابەتەکان ئیعجازی بن، یان خزمەت بە ئیمان و زانست بکەن.

3- ناو و ناونیشانی ئەلیکترۆنیی نووسەری لەگەڵ بێت.

4- ئەگەر بابەتێك فەرموودەی تێدا بوو، پێویستە فەرموودەکان تەخریج کرابن.

5- بابەتەکان بە فۆنتی **Unikurd Goran** بنێردرێت.

6- بۆ سەرچاوەی هەر زانیارییەك، دەبێ ئەم پێداویستییانە بنووسرێت و بە ژمارە لە تێکستەکەدا دیاری بکرێن:

**پەرتووك:**

ناونیشانی پەرتووکەکە وەك خۆی
ناوی تەواوی نووسەر یان نووسەرەکانی وەك خۆی
ژمارەی چاپی
ساڵی لەچاپدانی
شوێنی لەچاپدانی
ناوی ناوەندی لەچاپدەر یان بڵاوکار

**ڕۆژنامە یان گۆڤاری زانستی:**

ناونیشانی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە
ناونیشانی بابەتەکە یان توێژینەوەکە وەك خۆی
ناوی تەواوی نووسەر یان نووسەرەکانی وەك خۆی
ژمارەی دەرچووی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە
ساڵی دەرچوونی
شوێنی دەرچوونی
ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە (واتە بابەتەکە لە لاپەڕەی چەند تا چەندی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە، بۆ نموونە لە لاپەڕەی 20-24).
ناوی ناوەندی دەرکەر یان بڵاوکار

**ئینتەرنێت:**

سەرچاوەی بابەتەکان ئەگەر لە ئینتەرنێتەوە وەرگیرابن، پێویستە دوور بن لە سایتی (دۆت کۆم، دۆت نێت، دۆت ئۆرگ)، مەگەر هەواڵی زانستی بن، ئەویش پێویستە لە سایتە هەواڵییە باوەڕپێکراوەکان وەرگیرابن.

تکایە زەحمەت بکێشن ئەگەر هەر سەرچاوەیەکی تریشتان بەکار هێنا، زانیاریی تەواویمان بۆ بنووسن.

دەستەی نووسەرانی
گۆڤاری هەیڤ



# لە سوودەکانی باس و لێکۆڵینەوە لە بواری ئیعجاز و تەفسیری زانستی

## بەشی دووهەم

ن: د. کاریم سەیید غونەیم / د. ئەحمەد ئەبولوەفا
و: عەلی حەمەڕەسووڵ

**(چەند نموونەیەك بۆ ئیعجازی زانستی لە بواری جێبە جێکردندا):**

**نموونەی یەکەم: (هۆکارە تەندروستییەکانی حەرامکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکانی شیریدا).**

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ ﴿٢٣﴾ ﴾ النساء.

شەریعەتی ئیسلام هاوسەرگیریی پیاوانی لەگەڵ خوشکانی شیریدا حەرام کردووە. خۆ هەرچەندە مرۆڤی موسڵمان پێشتر هەموو فەرمانە شەرعییەکانی قورئانی پیرۆزی پێ قبوڵە و، ئیمان و قەناعەتی پێیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشنابوون بە هەندێ لایەنی حیکمەت لەو فەرمانە شەرعییانەدا مایەی سوود لێوەرگرتنە. دیارە ئەم باسەش (واتە حەرامکردنی هاوسەرگیری لە نێوان خوشك و برایانی شیریدا) هەرگیز بێ حیکمەت نییە و، دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت و بخرێتە ڕوو، تاکو ناموسڵمانەکانیش بیزانن و بە وێنەی موسڵمانان سوودمەند ببن لێی. چونکە مادەم فەرمانی "حەرامکردن" لە مەسەلەکەدا هەیە، ئەوا بێگومان سەرپێچی لەم فەرمانە زیانی تێدایە. ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە خۆپارێزیی لێ بکرێت و هۆشداریی لەسەر بدرێت. هەرچەندە توێژینەوە پزیشکییە سەرەتاییەکان ڕاستیی ئەو فەرمانەیان سەلماندووە، بەڵام هێشتا پێویست بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستییانەی دڵنیاکاری زیاتر هەیە. ئەم ئەرکەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی زانایانی پزیشکیی نەتەوەی ئیسلام. کە ئەوەش بە پوختی بریتییە لە:

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بەرزترینی ئاستەکاندا، بە شێوەیەکی وا کە توانستە ئەزموونگەرییە پێشکەوتووەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت و، بەدواداچوون و ئاماری وردی تێدا بخرێتەکار و، چەند سەنتەرێکی توێژینەوەی پزیشکیی لە ئاستی جیهاندا تێدا بەشدار بن و، ڕۆڵی هەرە گەورەش بە ناوەندە توێژینەوەکانی جیهانی ئیسلام بدرێت.

ئەمەش لە خۆیدا سەرەتایەکە بۆ ئاشنابوون بە حیکمەت و هۆکاری فەرمان و نەهییەکانی شەرع سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە زانستەکانی سەر بە پزیشکییەوە هەیە، هەتا لە قۆناغەکانی دواتردا ئەوە لە توانادا دەبێت کە چەندین دەرهاویشتەی زانستیی ئەوتۆ بەدەست بێت کە سوودی بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی هەبێت.

**نموونەی دووهەم: (بەرهەمهێنانی وزە لە ماددی سەوزی درەخت - کلۆرۆفیل).**

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلۡأَخۡضَرِ نَارٗا ﴿٨٠﴾ ﴾ یس.

**زانایانی تەفسیر دەڵێن:**

(ئەو کەسەی کە لە درەختی سەوز - دوای وشکبوونی - ئاگری بۆ بەدەستهێناون).

**تەفسیرێکی دیکە دەڵێت:**

(خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە درەختی تەڕی سەوز ئاگری سووتێنەری بۆ بەدیهێناون کاتێ گڕ لەو درەختە بەردەدەن، هەر ئەو خوایە توانای پەیداکردن و دەرهێنانی دژی هەیە لە دژەکەی).

خۆ کاتێ پسپۆڕانی زانستە گەردوونییەکان دەڕواننە ئەم ئایەتە پیرۆزە و لە گۆشە ڕوانینی فیترەت و یاسا گەردوونییەکانەوە لێی ڕادەمێنن، ئەوا بە وردی لەسەر وشەی ﴿ ٱلۡأَخۡضَرِ ﴾ ڕادەوەستن، تاکو هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی زانستییانە لێی تێبگەن، نەك تەنها بەو شێوە وەسفییەی کە زانایانی تەفسیر لێکدانەوەیان بۆ کرد.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەم ئایەتە، پەیوەستە بە سروشتی درەخت پێش ئەوەی ئاگر بگرێت و بسووتێت، هەروەها پەیوەستە بە دەرخستنی توانستی خوای گەورە لە گۆڕینی درەختی سەوز و تەڕ بۆ "سووتەمەنی".

ئەو زانایانە بە تێگەیشتنێکی زانستییانە لە وشەی ﴿ ٱلۡأَخۡضَرِ ﴾ی ئایەتەکە تێدەگەن کە واتایەکی قووڵ دەبەخشێت، چونکە ئاماژەیەکی زانستیی تێدا دەبینن بۆ ماددەی "کلۆرۆفیل" کە گرنگترین پێکهاتەکانی ڕووەکە و

بەهۆیەوە ماددەکانی دیکەی ڕووەك پێکدێت، بە تایبەت ماددە شەکرییەکان و چەورییە ڕووەکییەکان، هەروەها لە پێکهاتەی قەوارەی تەختەیی درەختەکانیشدا. هەر ئەو ماددەیەشە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وزە دەرەکییەی کە لە ڕێی خۆر و لە بۆشاییەوە دێت، بۆ وزەیەکی تایبەت لەناو ماددە ڕووەکییەکان و تەختەکاندا، چونکە ئەو وزەیە دەگۆڕێت بە وزەیەکی گەرمیی ئەوتۆ کە لە کاتی سووتاندنی لە شێوەی ئاگردا دەردەکەوێت.

کەواتە کلۆرۆفیل وزەی دەرەکی ڕاو دەکات و دەیگۆڕێت بە وزەیەکی ناوەکی لە سەرجەمی ڕووەکەکاندا، هەر بۆیە پێی دەوترێ: (ڕاوکەری وزە **Energy hunter**).

فەرموو بڕوانە کە چۆن حیکمەت لە بەکارهێنانی وشەی ﴿ٱلۡأَخۡضَرِ﴾ لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئاماژەی زانستیی ڕوونی لەخۆ گرت بۆ ئەم ماددەیە: کلۆرۆفیل.

هەر ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی دیکەی تێدایە، کە بریتییە لە ڕۆڵی ئەم ماددەیە لە بەرهەمهێنانی ئاگردا. بە واتایەکی دیکە لە پێکهێنانی ئەو وزەیەی کە ئاگر و گەرمییەکەی لێ بەرهەم دەهێنرێت.

**ئەوەی جێی خواستە لەم نموونەیەدا بریتییە لە:**

هەنگاونانی پسپۆڕانی ئەم بوارە و گواستنەوەی لێکدانەوەکانیان لەسەر ڕۆڵی کلۆرۆفیل لە ڕووەکدا لە قۆناغی تیۆرییەوە بۆ قۆناغی پراکتیکی، ئەوەش بە ئەنجامدانی توێژینەوە دەبێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم ماددەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە دەرەوەی ڕووەك.

**نموونەی سێهەم: (ئەندازیاریی ئاودێری لە ڕێی بارانی چڕ و بارانی کەمەوە).**

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كَمَثَلِ جَنَّةِۭ بِرَبۡوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٞ فَـَٔاتَتۡ أُكُلَهَا ضِعۡفَيۡنِ فَإِن لَّمۡ يُصِبۡهَا وَابِلٞ فَطَلّٞۗ ٢٦٥﴾ البقرة.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەیەکی زانستیی تێدایە بۆ ئەندازیاریی ئاو و ئاودێری. دەکرێ زانایانی پسپۆڕی ئەم بوارە لە ڕۆشنایی ئەم ئایەتەوە دەست بە توێژینەوەکانیان بکەن و، لە شێوازەکانی ئاودێری بە "بارانی چڕ" و "بارانی کەم" بکۆڵنەوە و، کار بۆ جێبەجێکردن و گشتاندنی تۆڕێکی ئاودێری بکەن کە پشت بەم سەرچاوە سروشتییە ببەستێت.

ئەمانەی خرانە ڕوو چەند نموونەیەکی کەمن بۆ ئەوەی کە دەگونجێ سوود لە ئاماژە زانستییەکانی ناو دەقەکانی قورئان و سوننەت وەربگیرێت وەك سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بەرەو گۆڕەپانی توێژینەوە و دەرخستنی کاروبارەکانی گەردوون و یاساکانی بەدیهاتن.

دیارە زانایان، موسڵمان بن یان ناموسڵمان، بەردەوام ڕوویان لەم گەردوونەیە بۆ دەرهێنان و هەڵێنجانی یاساکانی خوای گەورە و دەرهاویشتە زانستییەکان، بەڵام تایبەتمەندیی زانایانی موسڵمان لەوەدایە کە دەبێ لە ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان پەرە پێ بدەن، وەك زانای کیمیای بەناوبانگ خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر محەممەد ئەحمەد غەمراوی دەڵێت:

(زانا موسڵمانەکانی زانستەکانی فیترەت دەبێ لە توێژینەوە گەردوونییەکانیاندا بە ڕێنمایی ئایەتە گەردوونییەکانی قورئانی پیرۆز هەنگاو بنێن. دیارە تێڕامان لە ئایەتە گەردوونییەکان بە نیازی پەیبردن بە نهێنییەکانی فیترەت - یان سروشت وەك دەڵێن - پێویستی بە وریایی و خۆپارێزی هەیە، بۆیە دەبێ لەو ڕێنماییە بەهرەمەند ببن، چونکە قورئان نوورێکە بە دەستی ئەوانەوە نەك کەسانی تر، نابێ هەلی ڕێنمایی و سوود لێ وەرگرتنی لەدەست بدرێت).

وەك ئاشکرایە، لە بواری توێژینەوە پراکتیکییەکانی ئیعجازی زانستیدا پێویستە زانایانی پسپۆڕی زانستە ئیسلامییەکان (بە تایبەت زانایانی تەفسیر و فەرموودە و ئوسووڵ و زمان) هاوبەشی لەو توێژینەوانەدا بکەن، تاکو پێکەوە و بە ڕێبازێکی زانستییانە بگەن بەو ڕاستییە زانستییانەی کە لەگەڵ ئاماژەکانی قورئانی پیرۆزدا یەك دەگرنەوە.

**پوختەی ئامانجەکانی ئەم باسە:**

کارکردن بۆ پیشاندانی ڕووەکانی "ئیعجاز"، لەوانەش "ئیعجازی زانستی" بە هەلومەرجی خۆی، چەندین سوود و ئامانجی بڵند بەدی دەهێنێت، لەوانە:

1- پاڵپشتیکردنی "بەردەوامیی ئیعجازی قورئان" بە دەرخستنی ڕووی نوێی ئەو ئیعجازە، کە ئەوەش حوججەتی قورئان لەسەر خەڵکی هەموو سەردەمەکان بەهێزتر دەکات.

2- پتر ڕوونکردنەوەی ئایەتە گەردوونییەکانی قورئانی پیرۆز بە درێژایی ڕۆژگار، لە ڕێی دەرکەوتە گەردوونییەکان و زانیارییە نوێیە زانستییەکانەوە.

3- مانەوەی پێشەنگیی قورئانی پیرۆز لە ناوجەرگەی فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا و هەیمەنەی بەسەر ڕێبازەکانی ژیان و ئاسەوارەکانی مرۆڤدا، لە ڕێی بەخششە زانستییە هەمیشە نوێیەکانی.

4- خستنەپاڵی لێکۆڵینەوەی نوێی تایبەت بە "ئیعجاز" بۆ سەر خەرمانی زانستەکانی قورئانی پیرۆز.

5- دەرخستنی هەندێ لایەنی حیکمەت لەو فەرمان و نەهییانەی کە لە قورئانی پیرۆز و سوونەتی خاوێندا هاتوون.

6- هێنانەدیی هوروژمێکی شارستانیی نوێ لە ڕێی ڕێبازیکی تایبەتیی توێژینەوەی زانستییانەوە کە لە ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا هەنگاوەکانی بنێت و، دامەزراندنی ژیارێکی ئیسلامییانەی پەتی و دوور لەو دیاردە نەرێنییانەی کە لەگەڵ سروشتی ساغ و بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە.

7- ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە هاوکاتن لەگەڵ تێڕوانینی ماددییانەی مرۆڤدا بۆ زاتی خۆی. هەروەها بایەخدان بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە و هۆکاری نەخۆشییەکانی شارستانێتیی ماددی کە دەرەنجامی حەتمیی ڕاوەستانیەتی لە دژی فیترەتی مرۆڤ و، هی دەرچوونیەتی لە فەرمانەکانی خوای گەورە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژ (57) 2018.



پ. ی. د. زریان حاجی
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

# شارستانیەتی ئیسلامی خۆرێکی گەشاوە بوو بەسەر ئەوروپا و ڕۆژئاوادا هەڵهات

(بەشی دووەم)

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا کە لە ژمارەی پێشووی هەیڤدا بڵاوکرایەوە، ڕۆڵی زانستەکانی شارستانیەتی ئیسلامیم لە بوارەکانی پزیشکی و کیمیا و فیزیادا لە دروستبوونی شارستانیەتی ئەوروپی خستەڕوو، لەم بەشەشدا لە بوارەکانی:

- بیرکاری (الرياضيات)

شارستانیەتی ئیسلامی زۆر پرەنسیپی تایبەت بە بیرکاریی پێشکەشی ئەوروپاییەکان کرد لە بوارەکانی حساب و جەبر و سێگۆشەزانی و ئەندازیاری، کە ناوەکانی ئەم زانستە سەرباری ئەوەی بە عەرەبییەکەی خۆی ماوەتەوە، بۆخۆیشیان ئەم ڕاستییە لە ئێستادا ناشارنەوە و هەمیشە باسی فەزڵی بیرکاریی موسڵمانان دەکەن بەسەریانەوە، لەوانەش زانای بیرکاریی بەناوبانگ (لیونارد ئۆڤ) و چەندانی دیکەش، لە دیارترین کتێبەکانی کە لە شارستانیەتی ئیسلامی لە بواری بیرکاری وەرگێڕدرانە سەر زمانی لاتینی و ئەوروپی، کتێبی (الحساب) یان (العدد)ی الخوارزمی بوو، کە لەلایەن (أدیلارد الباسی) (545ك/1150 ز) وەرگێڕدرا[1]، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژمارە (ڕەقەم)ی ئەمڕۆی ئەوروپاییەکان لە زانا موسڵمانەکان وەرگیراوە و لە ساڵی (599ك/1202ز) لەسەر دەستی فیبوناتاشی لە شاری (بیزا)ی ئیتاڵیا[2]. ئێستاش ئەوروپاییەکان بۆخۆیان ئەوە ناشارنەوە کە ڕەقەمی ئەمڕۆی ئەوروپی، بنەڕەتەکەی لە شارستانیەتی ئیسلامی وەرگیراوە، ئەمە جگە لەوەی زانایانی ئەوروپی تەواو پشتیان بە زانیارییەکانی "الخوارزمی" دەبەست لە بواری بیرکاری و ئەندازەدا[3].

هەروەها جگە لە کتێبەکانی (خوارزمی)، کتێبەکانی زانای گەورەی موسڵمانیش (محمد بن الحسن الكرخي) (430 ك / 1038 ز)، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە بواری سێگۆشەزانی و حساب لە ئەوروپادا. بۆ نموونە؛ کتێبێکی بە ناوی (كتاب الفخري في الحساب)، لەلایەن زانای فەڕەنسی (وبکە) وەرگێڕدرا بۆ فەڕەنسی لە ساڵی (1853 ز)، هەروەها کتێبی (الكافي في الحساب) لە ساڵی (1880 ز) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی[4].

- گەردوونناسی

لە کاتێکدا زانایانی شارستانیەتی ئیسلامی لە وانەکانیاندا خەریکی خوێندن و دراسەکردنی خولانەوەی بازنەیی زەوی و شێوە گۆیی و جووڵەی هەسارەکان و تەنەکانی ئاسمان و کاکێشان و گەلەئەستێرە و ئەستێرەکشاوەکان بوون، لە ئەوروپا خەریکی باسوخواسی خورافات و بابەتی ناڕەوا و ناگونجاو بوون و هیچ ڕاستییەکی زانستییان نەدەزانی. زۆر پێش (کپلەر) و (گالیلۆ) و (کوپەرنیکۆس)، زانایانی موسڵمان زانستی حسابی سێگۆشەزانیان داناوە و، (ئەزیاج) و زیجەکانیان داناوە (مەبەست پێی چەند نووسراوێکی ژمارەیی بوو کە بەهاوتەریبی دەنووسران بۆ حسابی گەردوونناسی و فەلەکیی ورد)، هەروەها ڕوانینگەیان داناوە بۆ هەسارەناسی

1- أحمد علي الملا: أثر العلماء المسلمين في الحضارة الاوروبية، ص55.
2- أمين الطيبي: دراسات في تاريخ الصقلية الاسلامية، طرابلس، ليبيا، 1990م، ص133.

3- أحمد مطلوب: الأرقام العربية، بيروت، مؤسسة الرسالة، ط3، 1985م، ص16.
4- مفتاح محمد دياب: مقدمة في تاريخ العلوم في الحضارة الاسلامية، ص202 – 225.

و، دووریی هەندێك لە هەسارەكانیشیان پێوانە كردووە. لە بارەی ساڵی خۆری و قەبارەی خۆرەوە زانیارییان نووسیوە، هەروەك لە بارەی كۆمەڵەی خۆر گەلێ شتیان نووسیوە، ئەمە جگە لە دیاردەی خۆرگیران و مانگگیران كە زانستییانە لێی دواون، هەروەها ناوی زۆرێك لە ئەستێرەكانیان ناوە كە هەر هەمان ئەم ناوانەشن كە تا ئێستا هەر بەو ناوە ماون، وەك: الدب الأكبر، الدب الاصغر، الحوت العقرب[5].

لە ڕاستیدا زۆرێكی وەك كیپلەر و كۆپەرنیكۆس و چەندانی دیكەش لە زانایانی گەردووناسی ئەوروپی پشتیان بە زانیارییەكانی موسڵمانان بەستووە و بەو ئەنجامانەشی كە پێ گەیشتوون، بەڵام هەندێك لە ئەورووپییەكان لە كاتی خۆی ئەمانەتپارێز نەبوون و زانیارییەكانیان نەدەپاراست، بۆ نموونە؛ ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (د.دیڤید كنج) لە ساڵی (1950 ز)دا ڕایگەیاند سەرجەم زانیارییەكانی كۆپەرنیكۆس لە بواری گەردوونزانی و ئەوانەشی كە دەدرێتە پاڵی، لە زانای موسڵمان (ابن شاطر)ەوە بردوویەتی، ئەمە جگە لەوەی كاتێك بەراوردی تەواوی زانیارییەكانی كۆپەرنیكۆس لە بواری دۆزینەوەی گەردوونزانی لەگەڵ زانای گەورەی موسڵمان (مؤيدالدين العرضي) (م.664 ك/1226 ز)[6] دەكرێت، دەردەكەوێت كە هەمان ئەو زانیاریانەیە بردوویەتی، هەروەها پادشا فردریك زۆر سوودی وەرگرتووە لە زانیارییەكانی (كمال الدين يونس الموصلي)، كە زانایەكی گەورەی بواری گەردوونزانیی بیركارییە[7]. بە هەرحاڵ، گومانی تێدا نییە كە لە بواری زانستەكانی گەردوونزانی، ئەوروپاییەكان زۆر زانیارییان لە زانا موسڵمانەكان وەرگرتووە بە وەرگێڕانی زۆرێك لە كتێبەكانیان، لەوانەش كتێبەكانی (أزياج)ی (الخوارزمي) كە زانای گەردووناسی ئینگلیزیی بەناوبانگ (أديلارد) لە ساڵی (116 ز) وەریگێڕاونەتە سەر زمانی لاتینی لەگەڵ چەند (رسائل)ێكی گەردوونزانی، هەروەها كتێبەكان و ئەزیاجەكانی زانای موسڵمان (البتاني)، كە لە (طليطلة) وەرگێڕدرابوون، كتێبەكانی (الفرغاني) و (أبومعشر الفلكي)، زیجەكەی (البتاني) لە ئەوروپا زۆر بەناوبانگ بوو لە ساڵی (1537 ز) لە (نۆتبرگ) چاپ كراوە[8]، هەروەها دانراوەكانی گەردووناسیی موسڵمان (عبدالرحمن الصوفي) هێندە بەنرخ بوون، لە زۆربەی كتێبخانەكانی ئەوروپادا هەبوون[9]، سەرباری نووسراوەكانی (ابن الزرقالة) لە گەردووناسی و بیركاریدا كە بریتی بوون لە (رسائل صنع الاسطرلاب). لەبەر بەرزیی ئاستی كاریگەریی نووسراو لە كتێبەكانی زانا موسڵمانەكاندا، ئێستا گەردوونزانانی ڕۆژئاوایی ناوی زۆرێك لەو پەنا و پەسێیانەی لەسەر مانگ یان هەسارەی دیكە دەدۆزرێتەوە، بە ناوی زانا موسڵمانەكانی وەك: البوزجاني و الخوارزمي و البتاني و الفراني و الطوسي... هتد دەنێن[10]. ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی (1950 ز) ئەكادیمیای سۆڤیەتی، ئەنسكلۆپیدیایەكی بە ناوی زانای گەورەی موسڵمان (أبو ريحان البيروني) دەركرد كە زۆرێك لێكۆڵینەوەی تێدا بوو، باسی ئاستی بەرزی ئەو زانا موسڵمانەی دەكرد لە زانستەكان و بوارەكانی دیكەی و، گرنگی و بایەخی زاناكەشی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی ڕوون دەكردەوە[11].

- جوگرافیا

زۆرێك لە زانایانی ئەوروپی بە سەرسامی و گەورەزانی لە ئێستادا باسی كارەكانی جوگرافیزان و مێژوونووسانی موسڵمان دەكەن، بۆ نموونە (گوتیە) دەڵێت: "الشريف الادريسي جوگرافیزانی موسڵمان، مامۆستای ئەورووپییەكان بووە لە فێركردنی ئەم زانستەدا نەك بەتلیمۆس، لە هەموو ئەوروپا وێنەكێشێكی جوگرافیی تیادا نەبوو، ئەگەر ئەو وێنەكردارانەی ئیدریسی نەبوونایە و لێوەی فێری نەخشەكێشان نەبوونایە[12]." لە ڕاستیدا كتێبەكەی (الادريسي) بە ناوی (نزهة المشتاق في اختراق الآفاق) وەك سەرچاوەیەكی بنەڕەتی بۆ زانستی جوگرافیا، زیاتر لە چوار سەدە خوێنراوە.

سەرچاوەی بیری كۆڵۆمبۆس دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی جوگرافیزانی موسڵمان، بە تایبەتی (البكري)، كاتێك وتی زەوی مادەم بازنەییە، كەواتە ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژئاوا؛ دەمانگەیەنێتە هیند، چونكە كەشتیگەلی كۆڵۆمبۆسیش بۆ یەكەم جار لەنزیك شارۆچكەی (ولبە) لە مینای سان لۆكار بەڕێ كەوتن، كە شوێنی لەدایكبوونی (البكري) بوو لە مەغریب و، كۆڵۆمبۆس هەمیشە پەیوەندیی لەگەڵ مەغریبیەكاندا هەبووە و زانیارییەكانی لەوان وەرگرتووە لە كاتی گەشتە بەناوبانگەكەی لە ساڵی 1492 ز، كەواتە موسڵمانانیش پشكیان هەبووە لە دۆزینەوەی جیهانی نوێدا[13]، هەروەها نووسینەكانی (ابن ماجد النجدي) لە سەدەی پازدەی زایینی؛ ڕێنیشاندەری (فاسكودي گاما) بووە لە گەشتەكەی بۆ هیند لە ساڵی (1498 ز)[14].

زانای فەڕەنسی تایلر دەڵێت: "كەشتیوانانی ئیسپانی و پرتوگالی؛ ئەوانەی كە ڕێگەی (رأس الرجال الصالح)یان دۆزیەوە، هونەری دەریوانیان لە مامۆستا موسڵمانەكانیان وەرگرتبوو، ئەوانیش بەمە قەرزاریانن لە سەرجەم دۆزینەوەكانیاندا[15]." بە هەرحاڵ، دەتوانین بڵێین: "موسڵمانان پێشەنگی ئەورووپییەكان بوون، ئەوان قایلیان كردن بەوەی

---

5- أنور الجندي: الاسلام و الحضارة، بيروت، المكتبة العصرية، د.ت، ص57 – 58.
6- بڕوانە : مؤيدالدين العوضي: كتاب الهيئة، تح. جورج صليبيا، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ط2، 1995.
7- علي الدفاع: أثر العلماء العرب والمسلمين في تطوير علم الفلك، بيروت، مؤسسة الرسالة، ط3، 1985م، ص125.
8- يوسف كرم: تاريخ الفلسفة، ص125.
9- علي الدفاع: أثر العلماء العرب والمسلمين في تطوير علم الفك، ص85.

10- سعد البشري: الحياة العلمية، ص551 – 550؛ شاكر مولوي: الموجز في تاريخ العلوم عند العرب، بيروت، 1989م، ص88.
11- علي الدفاع: أثر العلماء العرب والمسلمين في تطوير علم الفك، ص125.
12- عبدالرحمن حبنكة الميداني: أسس الحضارة الاسلامية و وسائلها، دمشق، ط2، 1980م، ص156.
13- سعد البشري: الحياة العلمية، ص567؛ سلمى الجيبوسي: الحضارة العربية الاسلامية في الأندلس، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، 1999م، ص412.
14- أحمد علي الملا: أثر العلماء المسلمين في الحضاره الاوروبية، ص173–174.
15- اسماعيل ياغي: أثر الحضارة الاسلامية على الغرب، ص96.

بڕوا بهێنن کە وشکانییەکی دیکە لەودیو زەریای ئەتڵەسی هەیە، هەروەها زانایانی موسڵمان قیبلەنمایان فێری ئەورووپییەکان کرد، کە بەکاری بهێنن لە کاتی دیاریکردنی ڕووگەکان لە کەشتیەوانی[16]."

- کشتوکاڵ و پیشەسازی

لە بواری کشتوکاڵدا، ئەورووپییەکان زۆر شت لە موسڵمانانەوە فێر بوون کە پێشتر هیچیان لە بارەوە نەدەزانی، وەك سیستمی ئاودێری و، ڕاکێشانی ئاو بۆ زەوییە بەرزەکان بە سیستمی پاڵنانی تایبەت و، هەروەها دروستکردنی بەنداوە ئاوییەکان، ئەمە جگە لە چەندین ڕووەکی نوێ لەو بوارەدا کە چێنران، وەك: نارنج و لیمۆ و قامیشی شەکر و زەیتوون و خورما و فستقی حەلەبی و شوتی و ڕواندنی برنج و لۆکە و کافور و زەعفەران و چەندان ڕووەکی دیکەش.. هتد[17].

کتێبی (الفلاحە)ی (یحیی بن محمد العوام)، کە زانایەکی موسڵمان بووە لە ئەندەلوس لە سەدەی دوانزدەی زایینی ژیاوە، پاش وەرگێرانی؛ کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بواری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات، ئەم کتێبە بە هۆی زۆری و بایەخی زانیارییەکانی لەسەر زۆر بواری کشتوکاڵی؛ وەرگێردراوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی[18].

هەروەها لە بواری پیشەسازیدا، موسڵمانان زۆر زانیاریی ناوازەیان پێشکەش کردووە بە ئەورووپا، لە پێشەکیی ئەو زانستانەش؛ شێوازی دروستکردنی وەرەقە، کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی بە تایبەتی ئەندەلوس زۆر بڵاو بوو، هەروەها پیشەسازیی چنین و ڕستنی فەرش و ئاوریشم و خوری و کەتان و دەرهێنانی شەکر لە قامیشی شەکر، دروستکردنی باروت و دەرزیی موگناتیسی... هتد[19].

* زانستە مرۆڤایەتییەکان (هونەر و ئەدەب و شیعر و مۆسیقا)

سەرباری بواری زانست و گواستنەوەی شارستانی، ئەورووپییەکان پەیوەست بوون بەوەی هەموو کلتوور و دابونەریتێکی موسڵمانان بۆ خۆیان بەرن، کە ئەم بوارە تەنانەت ئەدەب، شیعر و هونەری ئیسلامییشی گرتەوە و، کتێبەکانی ئەدەب و شیعریشیان وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی، یان هاوشێوەی ئەوان کەوتنە لاسایی و نووسینەوە، تەنانەت گەلێ سەرسام بوو بە خەتی عەرەبی، بەو زەخرەفە و جوانکارییەی کە لە نووسینەکاندا بەکاریان دەهێنا لە هونەرەکانی خەتخۆشی و زەخرەفەی ئیسلامی، زۆرێك لە بینای کەنیسەکانیان بە زەخرەفەی ئیسلامی دەڕازاندەوە، کار گەیشتە ئەوەی کە پادشای (مرسیە) لە ئیسپانیا کە ناوی (ئوفا) بووە، دراوێك لێدات کە هەندێکی ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە، لەسەر دراوەکە سەرباری ئەوەی ناوی خۆی بە لاتینی دەنووسێت، کەچی لەسەر دراوەکەش هاوشێوەی دراوە ئیسلامییەکان نووسراوە "لا اله الا الله محمد رسول الله"، ئەمەش بێئاگا لەوەی کە ئەم نووسینە پێچەوانەی ئایینی مەسیحییە و ئەو وەك نەخشێك لێی تێگەیشتووە! یان خاچێك لەسەر شێرێك هەیە لە ئیرلەندا دۆزراوەتەوە کە لەسەر خاچەکە بە خەتی کوفی نووسراوە "بسم الله"، دیسان ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیە لەسەر ئاستی کاریگەری و لاسایی ئەورووپییەکان بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، کە تەنانەت هونەرمەندانی ئەورووپی ڕەمزە ئایینییەکانی موسڵمانانیشیان وەك هونەرێکی بەرز زانیوە و هێندە پێی سەرسام بوون؛ بە نەخشونیگاری تێگەیشتوون و کێشاویانەتەوە[20].

هەروەها لە بواری هونەری بیناسازییشدا، هونەری بیناسازیی ئیسلامی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنی بینا و تەلارە نایابەکانیاندا، بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست کە تەواو کاریگەریی هونەری بیناسازی ئیسلامی پێوە بووە، لوچ بە هونەری ئەرابیسك (Arabisque) ناسراو بووە، لە نموونەی ئەمانەی تەلاری زانکۆ کۆنەکان لە ئینگلتەرا و چەندانی دیکە کە تەواو کاریگەرە بە هونەری ئیسلامی[21].

هەرچی پەیوەندیی بە هونەری مۆسیقاشەوە هەیە، ئەوا کاریگەریی ئەم هونەرە لە شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر ڕۆژئاوا هیچی لەوانی دیکە کەمتر نییە. زانایانی موسڵمان چەندین ئاوازی نوێ و ئامێری موزیك و بابەتی گرنگی ئەو بوارەیان پێشکەش بە ئەورووپا و ڕۆژئاواییەکان کردووە، بۆ نموونە؛ مۆسیقای ئێستای ئیسپانی، تەواو مۆسیقای ئەندەلوسییە، ئەم مۆزیکە تەنها لە ئیسپانیا و پرتوگال نەوەستا، بەڵکوو گواسترایەوە بەرەو ئەمەریکای باشوور، ئێستاش ئەورووپاییەکان لە زاراوە و زمانیان زۆر ناوی ئامێری مۆسیقا هەیە کە بنەڕەتی بۆ موزیکزانانی موسڵمان دەگەڕێتەوە، لەوانەش: قانون و الطبل و النقارة و القيثارة و الرباب و عود (Timba) (Kanoon) و (Naker) و (Guitar) و (Rebec) و (Luth)[22].

لە ئەنجامی ئەم تێڕامانە خێرایە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شارستانیەتی ئیسلامی خۆرێکی پرشنگدار بوو بۆ دروستبوونی شارستانیەتی ئەورووپی و ڕۆژئاواییەکان، دواتر هی هەموو جیهان ئەمەش بە شاهێدی خۆیان هەروەك لێی دواین.

16- اسماعيل ياغي: هـ.س، ص٩٧؛ انور الجندي: الاسلام والحضارة، ص456.

17- بڕوانە أحمد عيسى: معجم اسماء النبات، القاهرة، 1348هـ، 1 – 40؛ سعد البشري: الحياة العلمية، 558 – 559.

18- علي الدفاع: اسهامات المسلمين في علم النبات، ص٢٥١.

19- عبدالرحمن حبنكة الميداني: أسس الحضارة الاسلامية و وسائلها، ص159.

20- احمد أمين: ظهر الاسلام، بيروت دار الكتاب العربي، ط5، 1969، ج3، ص299.

21- م.س.ديماند: كتاب الفنون الاسلاميه، تر. أحمد عيسى، دار المعارف، مصر، 1947، ص91.

22- د.عبدالمنعم ماجد: تاريخ الحضارة الاسلامية في العصور الوسطى، ص295.



# زانا "لۆرد کلڤن" و بڕوابوونی بە بەدیهێنەر

ئا: م. جەمال موحەممەد ئەمین

لۆرد کلڤن کە لە ڕاستیدا ناوی (ولیام تۆمسۆن William Thomson)ە، یەکێکە لە بەناوبانگترینی زانا فیزیاییەکان و لە هەمان کاتدا ئەندازیاریش بووە. ئەم زانایە لە ئایرلەندی باکوور لە دایك بووە، کەسێکە بە باوکی فیزیای نوێ دادەنرێت. کلڤن دۆزەرەوەی کەمترین پلەی گەرمییە کە ماددە پێیدەگات ئەویش سفری پەتییە، یان سفری کلڤن کە دەکاتە (– 273.15 °C)، پێوەرێکی تایبەتیش بۆ ئەو پلە گەرمییانە دانرا کە بە پێوەری (کلڤن K) و، یان پەتی دەناسرێت.

ئەو پیاوە خاوەنی کەسایەتییەکی بەرزە لە نێو ناوەندە زانستییەکاندا و خاوەنی چەندین دەستکەوتی زانستییە. کلڤن دەیەوێت جارێکی تر پڕوپوچی و بێ ئەرزشیی بیری ئیلحادی نکوڵکار لە بوونی بەدیهێنەرمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە مەسیحی بووە وای بۆ ناچێت کە عەقڵی پیاوێکی ژیر بڕوای بە ئەفسانەی ئیلحاد هەبێت و، بەردوام زمان حاڵی ئەو مانای ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە:

﴿ قَالَتۡ رُسُلُهُمۡ أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ١٠ ﴾ إبراهيم .

لە ڕاستیدا بوونی بەدیهێنەر ڕاستییەکی عەقڵانی بەڵگەنەویستە، تەنها ئەوانە نکوڵی لێدەکەن کە سروشتی پاکیان کوێر بۆتەوە و فیترەتیان ئاوەژوو بووە. هەرچەندە کەسانێك لە کۆن و لە نوێدا گومڕا بن و سەریان لێ بشێوێت و لە ڕاستیی بوونی ئەو بەدیهێنەرە دوور بکەونەوە بەهۆی ئەو چەواشەکارییەی لەسەریان دەکرێت، ئەوا هێشتا هەر کەمێکی زۆر کەمیان نەبێت کەسیان نکوڵی لە بوونی ئەو بەدیهێنەرە ناکەن، ئەو کەمەش بریتین لە هەڵگرانی خراپترینی ئەو دەروونە نەخۆشانە.

لۆرد کلڤن لە یەکێك لە وتارەکانیدا لە ساڵی 1899 دا دەڵێت:

" بیری ئیلحادی ئەوەندە پڕوپوچە بە جۆرێك نەتوانم بە وشە گوزارشتی لێبکەم "

The atheistic idea is so nonsensical that I do not see how I can put it in words.

هەروەها لە وتارێکی تریدا دەڵێت: "من بۆ ماوەیەکی زۆر وا هەستم دەکرد کە بۆچوونێکی گشتیی نازانستی لە کۆمەڵگادا هەیە، کۆمەڵگای زانستی بڕوای وایە کە هەموو ڕێگا زانستییەکانی دۆزیوەتەوە بۆ ڕاڤەی ڕاستییەکانی سروشت بە بێ پشتبەستن بە بیرێکی ڕوون دەربارەی بەدیهێنەر، من هەرگیز گومانم نەبووە لەوەی کە ئەو بۆچوونە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە و، لای من وایە کە کاتێك کەسێك دەڵێت خوا نییە، ئەوا ئەو کەسە گوزارشت لە بیرو بۆچوونی خۆی ناکات بە ڕوونی، بەڵکو لەوانەیە بە دەست هەندێك گرانی و کۆسپەوە بناڵێنێت، بەڵام کاتێك کە دەڵێت بڕوای نییە بە بوونی هێزێکی داهێنەر، ئەوا من بە تەواوی بڕوام وایە کە ئەو کەسە بە ئەمانەتەوە گوزارشت لەوەی نێو عەقڵی خۆی و بیرو بۆچوونی ناکات."

I have long felt that there was a general impression in the non-scientific world, that the scientific world believes Science has discovered ways of explaining all the facts of Nature without adopting any definite belief in a Creator. I have never doubted that that impression was utterly groundless. It seems to me that when a scientific man says—as it has been said from time to time—that there is no God, he does not express his own ideas clearly. He is, perhaps, struggling with difficulties; but when he says he does not believe in a creative power, I am convinced he does not faithfully express what is in his own mind, He does not fully express his own ideas..

سەرچاوە:

لە سایتی (الباحثون المسلمون) وەرگیراوە

1.Speech given by Lord Kelvin after the Victoria Institute Annual Address of 1899, “On the Perception of Colour”, given by Sir G. Gabriel Stokes. Printed in the Journal of the Transactions of the Victoria Institute, Vol. XXXI, 1899, p. 266.

2. by Lord Kelvin (Sir William Thomson) Excerpt from an address at the annual meeting of the Christian Evidence Society, May 23, 1889, as quoted in Heros of the Telegraph by J. Munro.

# تێڕوانینی مامۆستا سەعید نوورسی بۆ بنەما مرۆییەکان و تەحەدییەکانی سەردەم

## بەشی دووەم




ن: د. تسفیتان ثیوفانوف - زانکۆی صۆفیا، بولگاریا
و. بە دەستکارییەوە: کاوە محەممەد شارباژێری - زانکۆی سلێمانی

جەوهەری کارکردنی پەیامەکانی نوور لەسەر ئەو بیروباوەڕە دامەزراوە کە مرۆڤ گرنگترین دروستکراوەکانی خوای میهرەبانە، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە چالاکییەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنان و دەستکەوتنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بێت، ئەمەش لە ڕێگەی هەموو ئەو کارانەوە کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. ئەم جۆرە کارانە لە پلەی یەکەمدا دەچێتە چوارچێوەی خزمەت بە مرۆڤایەتی، کە ئەویش بۆ ڕەزامەندیی خوای گەورە و پاشان بۆ خزمەتی کۆمەڵگایە.

مرۆڤ یەکێکە لە بوونەوەرە ڕێزلێگیراوەکانی خوای موتەعال، ئەم بوونەوەرە خاوەن هیوا و تامووحێکی زۆرە، (وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: کەسی بەساڵاچوو هێشتا دڵی گەنجە لەسەر دوو شت هیوادرێژی وخۆشەویستیی سامان)[1].

لەگەڵ ئەوەی کە توانای ئەم بونەوەرە سنووردارە، بەڵام گەڕان و هەوڵدانی بۆ چوونەپێش و سەرکەوتنی بۆ کار و ئەرکەکانی دونیا زۆرە، لەگەڵ ئەوەی زۆر بە باشی دەرکی بە سنوورداری و کەم توانایی خۆی کردووە و بە ڕێگری دەزانێت لە بەردەم خواستە زۆرەکانیدا، بۆ قەرەبووی ئەوە و گەیشتن بە لوتکەی ئاواتەکانی دەبینین بەردەوام هەوڵ دەدات و ڕا دەکات و دەیەوێت خۆی بدزێتەوە و خۆی لابدات لە بیرکردنەوە لە ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکان و مردن، هەروەها ڕاکردن لەو واقیعەی کە تیایدا دەژی، بەو مانایەی دەیەوێت بابەتە گرنگەکانی وەك مردن فەرامۆش بکات و لەگەڵ هیواکانیدا بژی، تەنانەت ئەگەر لەناو جیهانی خەیاڵیشدا بێت، لەوەش سەیرتر بیری لە لای نەمری و تەمەن درێژی و گەنج بوونەوەیە[2].

بێ ئاگا لەوەی کە خوای گەورە و میهرەبان ئەم بوونەوەرە خاوەن هیوا و ئومێدە گەورەیە دەگەیەنێتە ئاستێك بۆ گەیشتن و بوون بە بوونەوەرێکی هەمیشەیی، پاشان وزە و توانایەکی شاراوەی فراوانی پێ بەخشیوە بۆ بەدیهێنانی خواست و هیوا گەورەکانی لەم جیهانە لەناوچووەدا، پاشان کارکردن و هەوڵدانی بە ئامانجی گەیشتن بە جیهانی نەبڕاوە و هەمیشەیی.

مرۆڤ زۆربەی کات و بە بەردەوامی پێویستی بە هێزێکی بڵند و خاوەن دەسەڵات هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت چوارچێوەی سنووردارێتیی خۆی تێپەڕێنێت، هەروەها بۆ قەرەبووکردنەوە و پڕکردنەوەی هەستی بێ توانایی و بێ دەسەڵاتیی خۆی پەنا بۆ ئەو هێزە دەبات، کە لە بێ ئاگایی مرۆڤ و دووریی لە پەیامی خوای گەورە دەبینین سروشتی پەرستووە، یان هێز و توانای لە پەرستنی جۆرەها زیندەوەر و بەرد و دار و هەندێك جار لە خودی مرۆڤەکان - جا بە زیندوویی یان بە مردوویی - وەرگرتووە.

بەشێکی تری حەزەکانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی بووە کە بەردەوام بیروهۆشی سەرقاڵ کردووە، وەك خوای موتەعال دەفەموێت: ﴿ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ﴿٤﴾ ﴾ قریش، کە بێگومان هەموو ئەو هەوڵانە لە ئەنجامدا بۆ دەستکەوتنی کامەرانی بووە، کە مرۆڤ زۆر ئامراز و هۆکاری بۆ ئەو مەبەستە خستۆتە کار هەندێك جار ویستویەتی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە بەختەوەری و سەقامگیریی دەستکەوێت، بۆ ئەمەش ژیری و بیروهۆشی خستۆتەکار، هەندێك جاری تر ویستوویەتی لە ڕێگەی سۆز و عاتیفەوە پەی بەو مەبەستە ببات، هەندێ جاری تریش لە ڕێگەی پڕۆژە و کۆکردنەوەی سامان و داهاتەوە ویستوویەتی ئامانجی خۆی بپێکێت، بەڵام ڕێگەی ڕاست بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری و گەیشتن بە لوتکەی ئینسانی، تێپەڕاندنی خاڵی سنوورداری و گەیشتن بە جیهانی هەمیشەیی دوور لە ئاژاوە و زەحمەت لە ڕێگەی پابەندبوون و کارکردن بە پەیامی خوای گەورەوە دەبێت، کە ئەویش

خەڵات و ڕێنمایی و هیدایەتی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەکان. مامۆستای بەڕێز ئاماژە بۆ ئەم بیرۆکەیە دەکات لە وتەی:

(مرۆڤ، سەرباری بچووکیی جەستەی و، لاوازی و، دەستەوسانییەکەی و، ئەوەشی کە یەکێکە لە زیندەوەران، کەچی "گیان"ێکی بەنرخی لە خۆیدا هەڵگرتووە و، توانا و لێهاتنێکی تەواوەتیی تێدایە و، چەندین حەز و ئارەزووی نەبڕاوەی لە خۆیدا حەشار داوە و، چەندەها ئاواتی نەبڕاوەی هەیە و، گەلێ هزری بێ سنووری پێیە و، چەندین هێزی دیاری نەکراوی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا فیترەتی هێندە سەرسووڕهێنەرە کە دەڵێی پێڕستێکە بۆ چەندەها ڕەگەز و جیهانی جۆراوجۆر)[3].

بەردەوام مامۆستا ئەوەمان دەخاتەوە یاد کە خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە بە خەلافەت و، هەموو ناوەکانی فێری مرۆڤ کردووە: ﴿ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ﴿٣١﴾ ﴾ البقرة، واتە ناوە جوان و پیرۆزەکان، کە ئەوەش زانستێکە لە سەروو زانینی فریشتەکانەوەیە: ﴿ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ ﴾ البقرة، بۆیە خوای گەورە تایبەتمەندیی ژیری و توانای بە مرۆڤ بەخشیوە: ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ﴿٤﴾ ﴾ التین، لە ناوەندێکی کۆکراوە لە نێوان کەرەسەیەکی دوور لە هەست و توانا و، لە نێوان ڕۆحیەتی فریشتەیی پاك و پوخت کراو بۆ خێر و چاکە، کە واتا و بەرهەمی کۆکردنەوەی مرۆڤ لە مادە و ڕۆح بریتی بوو لە هۆشیاری و ڕۆحانیەت و، توانایەکی ئامادەکراو بۆ هەڵبژاردن لە نێوان گەیشتن بە ئاست و پلە باڵاکانی فریشتەیی، یان دابەزین بۆ جیهانی مادییات، بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە، خوای گەورە کۆمەڵێك توانا و لێهاتویی تایبەتیی پێ بەخشیوە، گرنگترینیان بریتییە لە هۆش و ژیری کە بەهۆیەوە تەکلیف کراوە، کە ئەویش توانا و تایبەتمەندییەکی تایبەتە کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە تاکو بتوانێت گەڕان و کنە و پشکنین بکات و بە دوای ئەو ڕاستییانەدا بگەڕێ کە نەزانراو و شاراوەیە. کە بەهۆیەوە دەتوانێ کۆنترۆڵی بوونەوەر بکات.

مرۆڤ بەهۆکاری ئەو توانا گەورانەی کە پێی بەخشراوە دەتوانێت ژیانی بە جۆرێك بگونجێنێت کە خۆی بپارێزێت لەو شتانەی زیانیان هەیە و، سوودمەند بێت لەو شتانەی کەڵکیان هەیە و، وەبەرهێنانیان تیادا بکات، کە ئەمەش پڕۆسەیەکە و ڕاستەوانەیە لای مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی خەلافەت لەسەر زەوی، کە هەر ئەوەش مەبەستی بوون و هەبونیەتی لە ژیانی دونیا و لەسەر زەوی:

(مرۆڤ لە ڕووی کارتێکراوی و وەرگیراوی و پاڕانەوە و لە خوا داواکردنەوە، میوانێکی ئازیزە لە میوانخانەی دنیادا و، خواوەندی سەخاوەتمەند کردوویەتی بە میوانی خۆی و، بە ڕادەیەکی وا ڕێزی لێ ناوە کە گەنجینەکانی میهرەبانیی فراوانی خۆی بۆ کردووەتەوە و، خزمەتگوزار و دروستکراوە زۆر و زەبەندەکانی خۆیشی لە خزمەتدا بۆ داناوە)[4].

ژیانی مرۆڤ هەروا بێ هوودە و بێ ئامانج نییە، هەروەك تەنها چەند ساڵێك نییە کە بێت و بڕوات و ئامانجیش لە تەمەن تەنها بەسەربردنی کات و ڕۆژگار بێت و لە کۆتاییدا بۆ هەمیشە بگەڕێتەوە ناو سروشت و ببێتەوە بە نەبوو، واتە لە نەبوونەوە بۆ نەبوون، کە ئەمەش هەستی بێ ئۆقرەیی و نائارامی و پەشیمانیی لە لا دروست دەکات، هەردەم حەسرەت دەکێشێ لەسەر ئەوەی لە دەستی چووە و تێپەڕیووە، قورئانی پیرۆز لە زۆرێك لە سوورەتەکان و ئایەتەکانیدا واقیعی ژیان دەبەستێتەوە بە نادیار و غەیبەوە و، پێداویستیی مرۆڤەکان دابین دەکات و هانیان دەدات بۆ گەڕان بە دوای ڕاستیدا، بە مەبەستی ڕێگری کردن و بەربەرەکانێ کرنی ڕووخانی مرۆڤایەتی و لەناوچوونی و، هەندێکجار بۆ کاری بەردەوام و گۆڕانکاری بەرەو باشتر، بە ئامانجی دەستکەوتنی هێمنی و ئارامی و بۆ دروستکردنی فیردەوسێك کە ئاسایش و مانەوە و ئارامیی لەخۆ بگرێت بۆ کەسێك کە ئاسایش و ئارامیی لە دەست چووە.

نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا تەنها بۆ دەستکەوتنی موڵك و دەسەڵات و زاڵبوون و چەوسانەوە نەبووە و نییە، بەڵکو هەموو ئەوانە بە مەرجی بەکارهێنانیەتی لە چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و بیناکردن و، بەدیهێنانی ئەو بەرنامە و مەنهەجەی کە خوای گەورە بۆ مرۆڤایەتیی دارشتووە تا کاری پێ بکات و بەهۆیەوە بگاتە ئاستی کامڵبوون بەو جۆرەی کە بۆی دیاریکراوە لەسەر زەویدا کە شایستە بێت بە دروستکراوێك خوای گەورە ڕێزی لێ گرتووە: ﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾ ﴾ الإسراء.

بوون بە جێنشین لەسەر زەویدا بە پێی بۆچوونی مامۆستا نوورسی واتە بوونی توانا و دەسەڵاتە لەسەر ئاوەدانکردنەوە و چاکسازی، نەك لەسەر ڕووخان و گەندەڵی، هەروەها بوونی توانا لەسەر جێبەجێ کردنی دادپەروەری و ئارامی، نەك لەسەر ستەم و چەوسانەوە، بەرزکردنەوەی مرۆڤایەتی و سستمی مرۆیی بۆ بڵند بوون و بەرزبونەوە نەك ڕۆچون و دابەزینی تاك و کۆمەڵ بۆ ئاستی ئاژەڵ.

مەبەست لە دانانی یەکێك لە دروستکراوەکانی خوای گەورە کە مرۆڤە بە جێنشین لەسەر ئەم هەسارەیە ڕەنگدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە:

﴿ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ البقرة.

**پەراوێزەکان:**

1- (عن ابي هريرة ﵁ قال سمعت رسول الله ﷺ يقول لايزال قلب الكبير شابا في اثنتين: في حب الدنيا ، وطول الامل) رواه البخاري:6420. وفي (رواية لمسلم: قلب الشيخ شاب على حب اثنتين: طول الحياة وحب المال) رواه مسلم: 2458.

2- من خۆم بابەتێکم خوێندەوە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە زاناکان توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن کەسانی مردوو ببوژێننەوە، بۆ ئەوەش هەندێك لەوانەی کە پێیان دەوترێت (دهريون) تەرمی مردووەکانیان لە شوێنی سارد هەڵدەگرن بۆ ئەو مەبەستە. (وەرگێر)

3- کتێبی (ئاماژەکانی ئیعجاز)، تەفسیری ئایەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ﴾، ل: 444.

4- کتێبی (وتەکان)، وتەی بیست و سێهەم، ل: 468.



# لە مەترسییەکانی سەرجێیی لەکاتی بێنوێژیدا!

و: جومعە هەمەوەندی

هەموومان دەزانین کە خوای گەورە سەرجێیی ماوەی بێنوێژیی حەرام کردووە. ئێمەش وەك سوپاسگوزاری و پێزانینێك بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو شەریعەتەی بۆی داناوین، دوایین دەرەنجامەکانی چەند توێژینەوەیەك سەبارەت بە مەترسییەکانی سەرجێیی لە ماوەی بێنوێژیدا، دەخەینەڕوو:

1- بەڵگە زانستییەکان دووپاتی دەکەنەوە کە سەرجێیی لە ماوەی بێنوێژیدا، هەلی گواستنەوەی نەخۆشییە زایەندییەکان زیاد دەکات. لە ساڵی 1996ز دا چەند زانایەکی ئەمریکی لێکۆڵینەوەیەکی گەورەیان لەسەر 1586 ئافرەت ئەنجام دا، بینییان ئەو ئافرەتانەی کە لە ماوەی بێنوێژیدا سەرجێیی ئەنجام دەدەن، ئەگەری دووچاربوونیان بە نەخۆشییە زایەندییەکان زیاترە لەوەی تەنها لە دەرەوەی ئەو ماوەیە ئەنجامی دەدەن[1].

مەڵبەندی خزمەتگوزاریی تەندروستی نیشتمانی لە بەریتانیا (NHS) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەری توشبوون بە نەخۆشییە زایەندییەکان و ئایدز هەیە، بۆیە ئەو پیاوەی لە ماوەی بێنوێژیدا سەرجێیی ئەنجام دەدات، وا باشە پارێزەری چوك (کۆندۆم) بەکاربهێنێت". هەروەها دەڵێت: "کە هەندێك کەس بە سەرجێیی لەو ماوەیەدا هەست بە ئاسوودەیی ناکەن، یان ئایینەکەیان ڕێگریی ئەوەیان لێ دەکات!"، بەڵام لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە خستنەڕووی بەکارهێنانی کۆندۆم، پشت بە بەڵگەیەکی زانستی نابەستێت و ڕێگر نابێت لە گواستنەوەی تەواوی نەخۆشییە زایەندییەکان[2].

2- لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە چەند زانایەکی ئەمریکی ئەنجامیان دا، گەیشتنە ئەوەی کە سەرجێیی لەو ماوەیەدا هۆکارێکی مەترسیی تووشبوونە بە نەخۆشییەکانی هەوکردنی حەوز،

1- Tanfer, K. and Aral, S.O., 1996. Sexual intercourse during menstruation and self-reported sexually transmitted disease history among women. Sexually transmitted diseases, 23(5), pp.395-401.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/8885071

2- Workowski, K.A. and Bolan, G.A., 2015. Sexually transmitted diseases treatment guidelines, 2015. MMWR. Recommendations and reports: Morbidity and mortality weekly report. Recommendations and reports, 64(RR-03), p.1.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/11573867

پوختەی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە وا پێدەچێت خۆدوورگرتن لە سەرجێیی لە ماوەی بێنوێژیدا چاکتر بێت[3].

3- بەڵام مەترسییە هەرە گەورەکە دەمێنێتەوە و بەڵگەی پزیشکی پشتیوانیی دەکات، هەرچەند دەرەنجامەکان سەرەتایین، دەڵێت کە سەرجێیی لەو ماوەیەدا لەوانەیە ببێتە هۆی "نەزۆکی".

چەند زانایەکی وڵاتی چین لە ساڵی 2013 دا سەرنجیان دا کە لەنێو 27 ئافرەت کە لەو ماوەیەدا سەرجێییان ئەنجام داوە، بەهۆی چوونەژوورەوەی تۆو بۆ جەستەی ئافرەتەکە لە ڕێی خوێنی بێنوێژییەوە، 22%یان دژە دژەتۆویان تیا دروست بووە، ئەمەش ئەگەری تووشبوونی ئافرەت بە نەزۆکی زیاد دەکات.

ئەو توێژەروانە دەڵێن: "هەرچەندە ئەو لێکۆڵینەوەیە ناتوانێت پەیوەندییەکی هۆکاریی بەهێز لە نێوان دژەتۆوەکان و نەزۆکیدا بدۆزێتەوە، بەڵام دەبێ گرنگیی زۆر بە مەترسییەکانی سەرجێیی لەو ماوەیە بدرێت"[4].

**پوختەی بابەتەکە:**

خوای گەورە سەرجێیی لە ماوەی بێنوێژیدا بە یەکجاریی حەرام کردووە، جا زانست بەڵگەی هەبێت لەسەری یان نا، بێگومان خوا شتێکمان لێ حەرام ناکات ئەگەر زیانی نەبێت بۆمان، ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ١٥٧﴾ الأعراف.

ئەوەی باس کرا تەنها کورتەیەکی ئەو زانیاریانە بوو کە زانستی مرۆیی تا ئێستا پێی گەیشتووە: (سانایی گواستنەوەی نەخۆشییەکان و ئەگەری تووشبوون بە نەزۆکی)، بەپێی قسەی زانایانی توێژینەوە تازەکان: "دەبێ گرنگیی زۆر بە مەترسییەکانی سەرجێیی لەو ماوەیە بدرێت". نەك وەك هەندێك بڕوو بەوە دەدەن کە گوایە سوودی هەیە!

هەر لەم بارەیەوە فەرمانی خوای گەورە بە بیری خۆمان دەهێنینەوە کە دەفەرموێ:

﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢﴾ البقرة.

**سەرچاوە**

https://muslims-res.com/مخاطر-الجماع-أثناء-الحيض-قد-تصل-للعقم.html/


3- Jossens, M.R., Eskenazi, B., Schachter, J. and Sweet, R.L., 1996. Risk factors for pelvic inflammatory disease: a case control study. Sexually transmitted diseases, 23(3), pp.239-247.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/8724516

4-Wang, Y.X., Zhu, W.J. and Jiang, H., 2013. Sperm exposure during menses is a risk factor for developing antisperm antibody (ASA) in female. Archives of gynecology and obstetrics, 288(5), pp.1145-1148.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/23661030





ئا/ د. زانیار فایەق، دکتۆرا لە زمانی ئینگلیزیدا

دوای زیادتر لە 10 ساڵ لێکۆڵینەوە، د. فرانسیس کۆڵینز، بەرپرسی پڕۆژەی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە "دی ئێن ئەی"ی مرۆڤ، لە کتێبەکەیدا کە ناونیشانەکەی "زمانی خودا"یە (2006، لاپەڕە 1-3) بەم شێوەیە باسی دۆزینەوەی جینۆمی (واتا: سەرجەم ماددە جینیەکانی مرۆڤ) دەکات:

"جینۆمی مرۆڤ لە هەموو 'دی ئێن ئەی'ەکانی ڕەگەزی مرۆڤ پێکدێت. ئەم دەقە (مەبەستی جینۆمە) کە تازە دۆزراوەتەوە بە قەد 3 ملیار پیت درێژە و بە کۆدێکی چوارپیتیی (A, C, G, T) سەیر و پەنهان نووسراوە. ئەوەندە سەرسوڕهێنەرە ئاڵۆزیی ئەو زانیاریانەی لەناو هەر خانەیەک لە لەشی مرۆڤدا هەڵگیراوە کە خوێندنەوەی ئەو کۆدانە بە ڕێژەی یەک پیت لە چرکەیەکدا 31 ساڵ دەخایەنێت تەنانەت ئەگەر خوێندنەوەکە بە شەو و ڕۆژیش بەردەوام بێت. پرینت کردنی ئەو پیتانە بە فۆنتێکی قەبارەئاسایی لەسەر کاغەزێکی ئاسایی (22X17 انچ) و بەند کردنیان بە یەکەوە تاوەرێک درووست دەکات بە بەرزی مۆنیومێنتی واشنتن (169م). ... ئەم نوسراوە سەیرە هەموو ڕێنماییەکانی درووست کردنی مرۆڤی تیادایە ... ."

****

هەر لەو کتێبەدا باسی وتارەکەی بیل کلنتن دەکات لە بۆنەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو دۆزینەوەیەدا:

"ئێمە ئەمڕۆ فێری ئەو زمانە دەبین کە خودا ژیانی پێ درووست کردووە. ئەوەندەی تر سەرسام دەبین لە ئاست ئاڵۆزی و جوانیی و ئەفسوناوی خوداییترین و پیرۆزترین بەخششەکانی خودا."

****

کۆڵینز هەروەها باسی سازانی نێوان زانست و ئاین دەکات و جەخت دەکاتەوە کە ئەم دووانە دژیەک نین:

"بە لامی منەوە، ڕووداوی ڕیزبەندی کردنی جینۆمی مرۆڤ و دۆزینەوەی سەرنجڕاکێشترینی دەقەکان لە هەمان کاتدا دەستکەوتێکی زانستی لەڕادەبەدەر خۆش بوو و بۆنەیەکیش بوو بۆ پەرستش کردن."



### ئیعجازی قورئان و فەرموودە لە تەشریعدا.

# لادانی جنسی و دەرەئەنجامەکانی لە نێوان شەریعەت و زانستی سەردەمدا بە نموونە

د. دیاری أحمد إسماعیل قصاب diaryismaeil@yahoo.com
پ. ی. کۆلێجی پزیشکی زانکۆی سلێمانی

خوای گەورە مرۆڤی بە جوانترین شێوە دروستکردووە و کردوویەتی بە بەرێزترین درووستکراوەکانی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠﴾ الإسراء. ڕوویەکی ڕێزلێنانی مرۆڤ ئەوەیە کە خاوەن ئەقڵ و بیرکردنەوەیە، دەتوانێت ڕێی ڕاستی خۆی بدۆزێتەوە، گەر هۆکارە درووستەکان بدۆزێتەوە. خوای بەدیهێنەر دەسبەرداری ئەو درووستکراوە بەڕێزەی خۆی نەبووە، بەڵکو هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە پێغەمبەرانی بۆ ناردوون تا ڕێگای ڕاستیان نیشان بدات.. ئەوەی کە تێبینیش دەکرێت، گشت شەریعەتە ئاسمانییەکان - ئەوانەی کە زانیاریمان لەسەریان هەیە – کۆدەنگن لەسەر قەدەغەکردنی پەیوەندی جینسی لە نێوان هاوڕەگەزەکاندا، یان لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، تەنها یەک جۆری پەیوەندییان ڕێپێداوە، ئەویش لە نێوان دوو توخمی جیاوازدایە، دیارە ئەویش بە ڕێگا درووستەکانی خۆی.. مرۆڤیش پێداویستیی ماددیی هەیە، هەروەک چۆن پێداویستی مەعنەویشی پێویستە، لەوانەش لایەنی جینسی، کە دەبێت لەڕێگەیەکی پاکەوە بێت، چونکە خوای گەورە تەنها پاکەکان وەردەگرێت. بێگومان زانستیش، بە هەردوو جۆری مرۆیی و ئەزموونیی، هەمان ڕایان هەیە، گەر بە ئازادی بدوێن، بەڵام هەندێک جار لەبەر بوونی گوشار، یان بەرژەوەندیی چەند گروپێکی دەستێوەردەر، یان شوێنکەوتنی بێسنووری ئارەزووەکان، هەندێ لە مرۆڤەکان جار جار لەو هێڵە ئاشکرا و ڕوونەی فیترەت لادەدەن، بەڵام، بە درێژایی مێژوو، بیرمەندان و دانایان و چاکسازان دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردۆتەوە و، خەمی مرۆڤایەتیان خواردووە لەوەی بکەوێتە زەلکاوی ئارەزوو و نەفامییەوە. گەڕانەوەش بۆ فیترەتە جوانەکەی مرۆڤ، مایەی خۆشگوزەرانیی و کامەرانیی سەرجەمی مرۆڤەکانە ﴿فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ٣٠﴾ الروم.. ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ١٨﴾ الجاثیة.

## ئایا لادانی جینسی نەخۆشیی دەروونییە؟

هەر لە مێژ بوو فەیلەسووفان و پزیشکان ویستوویانە تیۆرەکانی سروشتی مومارەسە جینسییە نائاساییەکان دابنێن. هەندێک پێیان وابووە کە ئارەزووە سێکسییەکان هەر وا بوون لە مێژەوە و نەگۆڕڕاون.. هەندێک وتوویانە تەنها چوارچێوەکەی گۆڕڕاوە، جاران سەرکووت کراون، بەڵام دووایی توانیویانە ئەو حەزانە دەرببڕن.. لە ناوەڕاستی سەدەی پێشووشدا هەندێک پێیان وا بووە کە ئەوانە سروشتین و مومارەسەیەکی دروستن، بەڵام عورف و بەهاکان گۆڕڕاون لە کۆمەڵگا جیاکان، لە زەمەنە جیاکاندا.. هەتا لای هەندێک وا بووە کە هەندێک لەو مومارەسە سێکسییانە بەهۆی پێشکەوتنی بۆچوونە یاسایی و پزیشکییەکانەوە بەدیهێنراون.. تا ئەو کاتەی کە یەکەم چاپی (ڕێبەری ناسینەوە و ئامارکردنی تێکچوونە دەروونیەکان) (DSM-I) کە کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی دەریدەکەن، بڵاوکرایەوە لە ساڵی (1952ز)[1]، کە

1- De Block A, Adriaens PR. Pathologizing sexual deviance: A history. Journal of sex research. 2013 Apr 1;50(3-4):276-98.

تیایدا لادانە جینسییەکان بە تێکچوونی دەروونی دانران. هەر بۆیە پەیوەندیی نێوان دوو توخمی هاویەك لەلایەنی سێکیەوە بە جۆرێك لە نەخۆشی دانرا، کە پێویستی بە چارەسەرە[2]. بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری، دوای بەرهەڵستییەکی بەهێز لەلایەن چالاکوانی هاوڕەگەزبازی ناو کۆمەڵەکە، لە ساڵی (1973)دا، بابەتی لادانی جینسی لە چاپی دووەمی (DSM-III) دەرهێنرا[3]، کە وەك نەخۆشیەکی دەروونی دابنرێت!!

هەندێک، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، پێیان وایە هاوڕەگەزبازی سروشتییە و ئەوانە هەر لە منداڵییەوە وان و جۆرێکە لە جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکاندا، وەک چۆن یەکێک چەپەیە و یەکێک ڕاستەوانەیە[4].

هەژمارنەکردنی ئەم لادانانە (هاوڕەگەزبازی، لیسبیان و بایسێکچوال) بە نەخۆشی، وەک توێژەران باسی دەکەن، یان تێکچوونی دەروونی، وای کردووە ئەو کەسانە کە لە هەندێ کۆمەڵگادا داوای (ماف)ی خۆیان بکەن لە مارەبڕینی نێوانیان[5]، چونکە ئەوە جۆرێکە لە جیاوازیی فیسیۆلۆجی (سروشتی!)، بۆیە دەڵێن: بۆچی دەبێت ئەوان دژی وەڵامدانەوە سروشتییەکانی خۆیان بووەستن، یان قەدەغە بکرێن!!

لەم دووایییەشدا هەندێک هەوڵیان دا هۆکاری هاوڕەگەزبازی (نێربازی) بگەڕێننەوە بۆ بوونی کرۆمۆسۆمی تایبەت لە هاوڕەگەزبازەکاندا[6]، تاکو بڵێن: ئەو هاوڕەگەزبازانە هیچ دەستیان نییە لە تووشبوونیان بەو (نەخۆشییە) جەستەییە کە بەهۆی هۆکاری بۆماوەییەوە تووشی هاتوون و هیچ بژاردەیەکی خۆیانی تیا نییە تا بە تاوانبار دابنرێن! (نیل وایتهید) و (بریار وایتهید) لە بابەتی (جینەکانم وای لێ کردم ئەوە بکەم) دەڵێن: "بەڕاستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بابەتێك بوو بۆ هەڵمەتی گومڕاکردن و هەڵخەڵەتاندن لەم بیست سی ساڵەی دواییدا، وای لە دامەزراوە گشتییەکان، یاسا دانەران، دادوەران، کەنیسەکان و تەنانەت پسپۆڕییە تەندروستییەکانیش کرد کە بە شێوەیەکی فراوان باوەڕیان بەوە هێنا کە

2- Krafft-Ebing, R. Psychopathia Sexualis; Wedeck. H., Trans.; Putnam: New York, NY, USA, 1965.

3- Drescher J. Out of DSM: depathologizing homosexuality. Behavioral Sciences. 2015;5(4):565-75.

4- Kinsey AC, Pomeroy WR, Martin CE. Sexual behavior in the human male. American Journal of Public Health. 2003 Jun;93(6):894-8. Kinsey AC, Pomeroy WB, Martin CE, Gebhard PH. Sexual behavior in the human female. Indiana University Press; 1998 May 22.

هەروەها:

Kinsey AC, Pomeroy WB, Martin CE, Gebhard PH. Sexual behavior in the human female. Indiana University Press; 1998 May 22.

5- Datta V. When homosexuality came out (of the DSM). Mad in America: Science, Psychiatry and Social Justice. 2014 Dec;12.

6- https://www.independent.co.uk/news/science/largest-ever-study-into-the-gay-gene-erodes-the-notion-that-sexual-orientation-is-a-choice-9875855.html

هاوڕەگەزبازی بۆماوەییە و ناتوانرێ بگۆڕدرێ"[7].

لەوەش زیاتر، چەندین وڵات، نەک ئەم جۆرە لادانانە بە یاسایی دادەنێن، بەڵکو یاسای تایبەتییان دارشتووە بۆ بە یاساکردنی مارەیی نێوان هاوڕەگەزبازەکان، لەوانەش: "هۆڵەندا، دانیمارک، بەلچیکیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، کەنەدا، سوید، فنلەندا، نەرویج، پورتوگال، باشووری ئەفریقیا،کۆلۆمبیا، ئەرجەنتین، بەرازیل، ئۆرۆگوای، ئەمریکا... هتد"[8].

## لادانی جینسی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە

شەریعەت مەبەست پێی ئەو حوکمانەیە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی داناوە، کە لە ڕێی پێغەمبەرێکەوە ناردوویەتی، بەو مانەیە شەریعەت بریتییە لە قەراردانێکی خودایی، نەک ئیجتیهادی مرۆڤ، کەواتە جێگیرە نەک گۆڕڕاو.. شەریعەت لە فیقهـ جیایە، چونکە فیقهـ ئیجتیهادی مرۆڤە لە چوارچێوەی شەریعەتە ئیلاهییەکە.. کەواتە شەریعەت دینە، بنەماکانی دینە و جێگیریشە، بەڵام فیقهـ دەگۆڕڕێت چونکە دەچێتە وردەکارییەکانەوە و بەردەوامە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمان و شوێن و واقیع و بەرژەوەندیی و تێگەیشتنەکان، هەر بۆیە دانەری شەریعەت هەر خودایە، پێغەمبەریش ﷺ ڕوونکەرەوەی شەریعەتە خوداییەکەیە.. بەڵام فیقهزان (الفقیە) شەریعەتدانەر (شارع) نییە[9]...

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴿٣٣﴾ ﴾ الأعراف، ﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴿١٥١﴾ ﴾ الأنعام. کەواتە ئەوەی پێی بوترێت کاری ناشرین (فاحشة) دیار بێت یان پەنهان، خوای گەورە حەرامی کردووە، تەنانەت خوای گەورە ئەمری کردووە کە هەر ڕێگەیەکیش مرۆڤ نزیک بکاتەوە لێیان، دەبێت لێی دوور بکەونەوە، دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ﴾. لە بارەی بەتاڵکردنەوەی پێویستیی سێکسیش، خوای گەورە دیاریی کردووە، کە دەبێت ئەو مومارەسەیەی مرۆڤ تەنها لەگەڵ هەوسەری خۆی بێت، ئەوەش کە لادەدات لێی بە لەسنوور دەرچوو ناوی بردووە: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ﴿٥﴾ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴿٦﴾ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴿٧﴾ ﴾ المؤمنون، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ کەنیزەکیش بێت، کە بە یاسای خۆی و لە کاتی خۆیدا حەڵاڵ بووە، ئەوەش هەر پەیوەندیی نێوان نێر و مێیە. کەواتە پەیوەندیی نێوان دوو توخمی هاوشێوە، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، شیاو نییە تەنانەت لە سنوور دەرچوونە.

7- van den Aardweg GJ. Gay inspiration in the interim report of the bishops’ synod.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بێتاوانیی جینەکان لە هاوڕەگەزبازیی-هاوڕەگەزبازی، ملکەچیی جینەکانە یان ڕەفتارێکی دەستکەوتووە؟) گۆڤاری هەیڤ، ژمارە (50).

8-https://en.wikipedia.org/wiki/Same-sex_marriage

9- الشريعة الإسلامية والعلمانية الغربية، د. محمد عمارة، دار الشروق، ط1، 1423هـ/ 2003م (11).

لەم بابەتەدا ناچینە سەر باسی زینا، کە دیارە یەکێکە لە حەرام کراوەکان، نەک لە شەریعەتی ئیسلامدا بە تەنها، بەڵکو لە گشت شەریعەتە ئاسمانییەکاندا هەر بە حەرام دانراون.. دیارە زیناش ئاکامی خراپی هەیە لە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی و پزیشکیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکە باس لە لادانە جینسییەکان دەکات، واتە ئەو جۆرە مومارەسانەی کە بە لادان دادەنرێت، ئەوانەی کە لە لایەنی ئایینییەوە حەرامن، بەڵام لەهامان کاتدا، ئەوانەی کە زینایان کردووە بە پیشە، ئەوانیش، زۆر تا کەم بە لادانی سێکسی دادەنرێن.

## جۆرەکانی لادانی جینسی

لادانی جینسی چەندین جۆرن، بەڵام ئەوانەی لە توێژینەوە زانستییەکاندا زۆر باسیان لێوە دەکرێن، گرنگترینیان بریتین لە: پەیوەندی نێوان دوو نێر (نێربازی: هاورەگەزبازی) (اللواطة) (Homosexual)، پەیوەندی نێوان دوو مێ (لیسبیان) (السحاق) (Lesbian)، سێکسکردن لەگەڵ هەردوو توخمدا (بایسێکچواڵ) (bisexual) و ڕەگەز گۆڕراو (transgender).

ئەوەی کە لە کتێبەکانی تەندروستیی دەروونیدا وەک نەخۆشی لادانە جینسیەکان ماون، بریتین لە ڕەگەزگۆڕراو (transgender)، منداڵبازی (Pedophilia)، ماشۆچیزم (Masochism) و سادیزم (Sadism)، بەڵام نێربازی، لێسبیان و بایسێکچوال وەک نەخۆشی باس ناکرێن، بەڵکو وەک شتێکی سروشتی باسیان لێوە دەکرێت!! ئەو گرفتە سێکسییانەی تر کە پەیوەندیی بە تێکچوونی لایەنی لاشەییەوە هەیە باسکراون، بەڵام ئەوانە پەیوەندییان بە باسەکەی ئێمەوە نییە، چونکە لادان نین، بەڵکو تێکچوونی تەندروستی سێکسییە.

بۆ نموونە: تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بە پێی ئاماری کۆمپانیای گالوپ (Gallup)ی ئەمریکی، ڕێژەی ئەوانەی لادانی جینسیان هەیە گەشتوونەتە (5,4٪) لە ساڵی (2017)دا، لە کاتێکدا لە (2012)دا (5,3٪) بوو[10].

## دەرەنجامی لادانی جینسی لە لایەنی ئەقڵیی و دەروونییەوە

لەم بوارەدا، چەند ئاماژە بە چەند توێژینەوەیەکی زانستی دەکەین، وەک نموونە:

لە کۆتوێژینەوەیەک، کە 13706 توێژینەوەی لەخۆ گرتووە لە نێوان ساڵانی (1966 بۆ 2005ز)، دەربارەی ڕێژەی پەشێویی ئەقڵیی و دەروونی، بەکارهێنانی نابەجێیی شتەکان، خۆکوشتن، تێروانین بۆ خۆکوشتن و خۆئەزێتدان لەناو ئەوانەی لادانی جینسیان هەیە (لیسبیان، نێرباز و بایسێکچوال: LGB)، دەرەنجامەکان نیشانی دا کە هەوڵی خۆکوشتن تیایاندا دوو هێندەی مرۆڤەکانی ترە کە سێکسکردن لە نێوان پیاو و ژندایە (Heterosexual)، بە تایبەتی لە ناو نێربازەکان و پیاوە بایسێکچوالەکان. خەمۆکی ئەوەندە و نیو تیایاندا زیاترە. هەروەها ئالوودەبوون ئەوەندە و نیو زیاترە تیایاندا (زیاتر لە مێینەکاندا)[11].

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی تازەی نێودەوڵەتی دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە لادانە جینسییەکان و بوونی ئەو کەمینانەی کە جیاوازن لە مرۆڤە ئاساییەکان شتێکی سروشتییە و مرۆڤەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە دەیانەوێت، بەڵام توێژینەوەکان دەریدەخەن کە کۆمەڵگە لەگەڵ ئەوەی دەست ناخنە هەڵبژاردەی ئەو کەمینانە، بەڵام هەر بە چاوی کەم سەیر دەکرێن، بەڵکو لادەرەکان خۆشیان لە ناخەوە بە بێزراو سەیری خۆیان دەکەن.. لە توێژینەوەیەکدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دراوە، کە 128 نێرباز و 123 لیسبیان بەشداربوون تیایدا، کە ئایا هەست بە تەنگپێهەڵچنین (مضایقة) دەکەن و دەیانەوێت حەزە سێکسییەکەیان بشارنەوە؟ بۆ زانینی ترسە تەندروستییەکانی کە تووشی دەبن، ئایا ڕێزی خۆیانیان لایە و ئەو پەشێویانەی کە لەوانەیە تووشی بن دووای ئەو نسکۆیانە.. پاشان چ ڕەفتارێکیان دەبێت؟ وەک: "وەرزش کردن، نوستن، کحوول خواردنەوە، جگەرە کێشان، دینداری کردن، تووڕەیی دەربرین و تووڕە خواردنەوە".. دەرکەوت کە هەردوو تاقمەکە دەیانویست حەزە سێکسییەکانیان بشارنەوە، نێربازەکانیش هەستیان بە تەنگپێهەڵچنین دەکرد. تاقە کاردانەوەشیان بریتی بوو لە خواردنەوەی تووڕەییان. بۆیە توێژەرەکان ئەو ترسەیان دەرخست کە ئەو جۆرە خۆگونجاندنەی ئەو کەسانە مەترسی دەرەنجامی دەروونی خراپی لێ دەکرێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەن کە کەسانی ڕاوێژکاریی بە ڕێبەرایەتی ئەو کەمینە سێکسییانە بکەن تا کرانەوەی سۆزداریان بۆ درووست ببێت و فشاریان لەسەر کەمکرێتەوە[12].

لە توێژینەوەیەکی تردا دەرکەوتووە نێربازەکان کەمتر هەست بە ڕەسەنایەتی دەکەن بەوەی کە ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پەیوەندیی هەبێت بە ڕاستکردنەوە یان هەڵکردنی دەروونی لە کۆمەڵگادا[13].

10-https://news.gallup.com/poll/234863/estimate-lgbt-population-rises.aspx?g_source=link_NEWSV9&g_medium=TOPIC&g_campaign=item_&g_content=In%2520U.S.%2c%2520Estimate%2520of%2520LGBT%2520Population%2520Rises%2520to%25204.5%2525

11- King M, Semlyen J, Tai SS, Killaspy H, Osborn D, Popelyuk D, Nazareth I. A systematic review of mental disorder, suicide, and deliberate self harm in lesbian, gay and bisexual people. BMC psychiatry. 2008 Dec;8 (1):70.

12- Hendy HM, Joseph LJ, Can SH. Repressed anger mediates associations between sexual minority stressors and negative psychological outcomes in gay men and lesbian women. Journal of Gay & Lesbian Mental Health. 2016 Jul 2;20(3):280-96.

13- Tragakis MW, Smith JL. The relation between social identity integration and psychological adjustment: A focus on mainstream and marginalized cultural identities. Identity: An International Journal of Theory and Research. 2010 Jul 30;10(3):201-21.

لە تێزێکی دکتۆرادا کە لە زانکۆی مەمفیس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە، ساڵی (2013ز)، لەسەر 107 بەشداربوو، بۆ زانینی تەنگانە (Stress) دەروونییەکانی کە نێربازەکان لەوانەیە تووشی ببن لە شوێنی کارەکانیان، تا چەند حوکمدانی پێشتر بەسەر نێربازەکاندا (homophobia) ئەشارڕێتەوە لە ناو شوێنی کاردا، دەرکەوت کە ئەوانەی هەڵبژاردە سێکسییەکانیان قەبوڵە و ئاسوودەن پێی، زیاتر ڕووبەڕووی تەنگانەی جیاکاری دەبنەوە لە شوێنی کارەکانیان، پاشانیش کەمتر هەست بە ڕەزامەندی دەکەن لە کارەکانیاندا[14].

لە تێزێکی ماستەر کە لە ئەمریکا کراوە لەسەر 201 کەس (نێرباز، لیسبیان، بایسێکچواڵ و هیتیرۆ) دەرکەتووە کە ئەوانی لادانی جنسیان هەیە زۆرتر هەست بە تەنگانەی کەمینە دەکەن، بە تایبەتی بایسێکچواڵەکان، کە کاری کردۆتە سەر چۆنێتی ژیانیان[15].

**دەرەنجامی لادانی جینسی لە لایەنی جەستەییەوە**

سێکس لە ڕێگەی کۆمەوە: کە لە نێربازەکان و بایسێکچواڵیشدا هەیە:

نێربازی بەو لادانە دەوترێت کە نێر واز لە مەیلە سروشتییەکەی خۆی دێنێت بۆ توخمی بەرامبەر، لە جیاتی ئەوە مەیل و ئارەزووی بەرەو هەمان توخمە. خوای گەورە لە باسی قەومی لوتتدا دەفەرموێت: ﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ (٨٠) إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ (٨١) ﴾ الأعراف، ﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (٥٤) أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ (٥٥) ﴾ النمل، بۆیە دەبینین کە خوای گەورە بە زیادەڕۆ (مسرف) و نەفام (جاهل) وەسفیان دەکات، چونکە ئەم جۆرە کارانە زیادەڕەوی (لادان)ە لە فیترەت، هەروەها نەفامییە، چونکە ئەوپەڕی نەزانیینە بە ڕێڕەوی دروستی دەروونیی و تەندروستی - وەک دووایی دەردەکەوێت -. خوای گەورە ئەو کارە قێزەونەی قەومی (لوط)ی بە پیسییەکان (الخبائث) ناوبردووە: ﴿ وَلُوطًا آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَت تَّعْمَلُ الْخَبَائِثَ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَاسِقِينَ (٧٤) ﴾ الأنبياء. پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت: "ملعون من عمل بعمل قوم لوط" (مسند أحمد 266/3).

نێربازی، چەند جۆرێکی هەیە[16]:

- نێربازیی هەرزەکار، کە دیاردەیەکی کاتییە لە هەندێک هەرزەکاردا، زۆربەیان دووای هەرزەکاریی نامێنێت[17].
هەروەها لە نێوان کچانیشدا بینراوە کە جۆرێک لە لیسبیانی هەیە، بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرمانی کردووە کە منداڵەکان لەو تەمەنەدا جێگاکانیان جیا بکرێتەوە: ".. وفرقوا بينهم في المضاجع" (أبو داود)، هەروەها دەفەرموێت:
"لا ينظر الرجل الى عورة الرجل، ولا المرأة الى عورة المرأة، ولا يفضي الرجل الى الرجل، ولا تفضي المرأة الى المرأة في ثوب واحد" (مسلم).
- نێربازیی کاتیی: پێشی دەوترێت (نێربازی زەرورەت)، جاری وا هەیە لە بەندیخانەکاندا یان لای کەشتیوانەکان ڕوودەدات، واتە لە ناخیاندا نێرباز نین، بۆیە کە ئەو هەلومەرجانە نەمان ئەو کارەشیان نامێنێت.
- نێربازی لای نەخۆشە دەروونیی و عەقڵییەکان: وەک حاڵەتی شیزۆفرینیا.
- نێربازیی لادانی جینسیی: ئەوانەی کە لە ڕاستە ڕێی فیترەت لایانداوە و، لە تەواوی توانای ئەقڵیدان، کە ئەمەیان مەبەستی بابەتەکەمانە.

هەروەها سەرجێیکردن لەگەڵ ئافرەت لە ڕێگەی کۆمەوە، بە هەمان شێوە لە ئیسلامدا قەدەغەکراوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "من أتى إمرأة في دبرها لم ينظر الله تعالى إليه يوم القيامة"، "ملعون من أتى المرأة في دبرها" (أبو داود)، "لا ينظر الله الى رجل جامع إمرأته في دبرها" (أحمد وابن ماجة).

خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری مرۆڤە و زاناترە بەوەی کە سوود و زیانی هەیە بۆ مرۆڤ، دەفەرموێت: ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (٢٢٣) ﴾ البقرة.. با ئافرەت حەڵاڵی مێردەکەشی بێت، بەڵام پیاو تەنها بۆی هەیە لە شوێنی خۆیەوە بچێتە لای خێزانی، کە ئەویش زێیە، کە جگە لەوەی مایەی خۆشی بینینە، شوێنی زاوزێشە، بۆیە خوای گەورە بە (حرث) ناوی هێناوە، واتە (کێڵگە)، کە شوێنی تۆو چاندنە..

**هاورەگەزبازی زیانی تەندروستی زۆری هەیە، هەندێک لەو زیانانە بریتین لە:**

1- هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشی ئایدزە (AIDS) یان (HIV). تەنانەت ئەگەر سێکس لە ڕێگەی کۆمەوە لە نێوان پیاو و ژنیشدا ڕوو بدات، هۆکارێکی سەرەکی گواستنەوەی ئایدزە، کاتێک سەیرکراوە کە ئایدز لە نێوان ژن و پیاویشدا دەگوێزرێتەوە، زیاتر هۆکەی ئەوە بووە کە لە ڕێگەی کۆمەوە سێکس دەکەن.

14- Ueng HH. Internalized Homophobia, Psychological Distress and Job Satisfaction Among Sexual Minority Males in the Workplace. The University of Memphis; 2013.

15- Vosvick MA. Minority stress, spirituality and psychological quality of life in a lesbian, gay and bisexual sample (Doctoral dissertation, University of North Texas).

16- من علم الطب القرآني الثوابت العلمية في القرآن الكريم، د. عدنان الشريف، دار العلم للملايين، ط1، 1990م (195-197).

17- 19. Freud, S. Three Essays on the Theory of Sexuality; Standard Edition Volume 7; Hogarth Press: London, UK, 1953 [1905]; pp. 123–246.

هەروەها:

. Sullivan, H.S. The Interpersonal Theory of Psychiatry; Norton: New York, NY, USA, 1953

2- هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر، جۆری (B) و (C): دەرکەوتووە کە گواستنەوەی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر لە جۆری (HBV) (B) شەش و لە دەیا هەشت (6.8) جار زیاترە لە ئایدز (HIV) بەهۆی هاوڕەگەزبازییەوە.

هەروەها چەندین گروپی تووشبوو بە هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری (HCV) (C) تۆمارکراوە لە ئەوروپادا، کە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن (HIV)، لە نێو ئەوانەی کە نێر لەگەڵ نێر سێکس دەکات (MSM)، یان ئافرەت لەگەڵ چەند پیاوێکدا (Multi partner).

3- هۆکاری یەکەمە لە توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی کۆم: توێژەران دەڵێن: "ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆم لە زیادبووندایە لەم سی ساڵەی دوواییدا. هۆکارەکانی تووشبوون چاك زانراون، بریتین لە هەوکردن بە ڤایرۆسی (HPV) و (HIV) کە هەردووکیان پەیوەندن بە زیادبوونی ژمارەی (دۆستەکان) (partners) (ئافرەتێك یان پیاوێک لەگەڵ چەند کەسێکدا سێکس بکات) و زیادبوونی ڕێژەی سێکسکردن لە ڕێی کۆمەوە.."[19,18]

### (لیسبیان) (السحاق) (Lesbian) مێ سێکس لەگەڵ مێدا (WSW)

پەیوەندی سێکسیی لە نێوان دوو مێ، هەندێک دەیگەڕێننەوە بۆ فەرەزییەی هەستکردن بە سیفەتە نێرینییەکان (Masculine trait)ی فرۆید[20]. ڕێژەیان لە ئەمریکا (%3-10)یە[21].

لە توێژینەوەیەکدا لە سیدنی کراوە لە نێوان ساڵەکانی (1991 بۆ 1998ز)، کە تیایدا لێکۆڵینەوە لە 1408 ئافرەتی لیسبیان کراوە، لەگەڵ گروپی کۆنترۆڵدا کە ژمارەیان 1423 ئافرەت بووە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشیی هەوکردنی بەکتریایی زێ و هەوکردنی جگەری ڤایرۆسیی جۆری (C) و ئایدز زۆر زیاترە لە لیسبانەکاندا[22].

بینراوە کە ئافرەتە لیسبیانەکان بە شێوەیەکی گشتی پارتنەری زۆرتریان هەیە و پێش تەمەنی 18 ساڵی ڕێژەی جیماع تیایاندا زۆرترە، ئەمانە هەردووکیان ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسی (HPV) زیاد دەکات تیایاندا، هەروەها شێرپەنجەی ملی منداڵدان[23].

### منداڵبازی (الغلمانية) (Pedophilia)

بریتییە لە حەزی سێکس کردن لەگەڵ منداڵدا، لە هەمان توخم یان توخمی بەرامبەر. ژمارەیان بە تەواوەتی نەزانراون، دەگاتە نزیکی (%3-5) لە نێرینەکاندا، لە مێینەکاندا کەمتریش زانراوە[24]. تا ئێستا بە پشێوی دەروونی دادەنرێت، بەڵام هەوڵ دەدرێت لە پسێوڕییە دەروونییەکان دەربهێنرێت!

### ئاژەڵبازیی (البهيمية) (Bestiality)

بریتییە لە سێکس کردن لەگەڵ ئاژەڵاندا. لە توێژینەوەیەکدا ساڵی (1974) کراوە، باس لەوە دەکات کە (%3-8)ی دانیشتوانی ئەمریکا تووشی سێکس ئەنجامدان بوون لەگەڵ ئاژەڵدا[25].

لە کۆتاییدا دەڵێین: یاسا و ئامۆژگارییەکانی ئیسلام تەبا و هاوتایە لەگەڵ فیترەت و بەرژەوەندیی مرۆڤدا. لادانی جینسی لە مێژە هەیە، بەڵام لەم سەردەمانەی دوواییدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە، تا گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لە هەندێک وڵات زەواجی هاوڕەگەزبازەکان بە یاسا کراوە. لەوەش خراپتر مافی منداڵ هەڵگرتنەوەیان بۆ ئاسان کراوە.

لادانە جینسییەکان مایەی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتین. هەروەها هۆکاری سەرەکین لە تووشبوون بە چەندین نەخۆشیی خراپ، بە تایبەتی سێکس لە ڕێگەی کۆمەوە.

زانایان و توێژەران لەو وڵاتانەی کە ئەو لادانە جینسیانەیان تیا بڵاوە، بە تایبەتی ئەوروپا و ئەمریکا، ڕێگا چارەیان بۆ ئەو کێشانەی کە بەهۆی ئەو جۆرە مومارەسانەوە دەردەکەوێت، بریتییە لە چارەسەری نەخۆشییەکان، بە دەروونیی و جەستەییەوە، هەروەها هۆکارەکانی ڕێگر یان کەمکەرەوەی ماکەکان، وەک بەکارهێنانی کۆندۆم، ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی و پەنابردن بۆ کەسانی ڕاوێژکاریی دەروونیی. لە کاتێکدا لە شەریعەتی ئیسلامدا لە سەرەتاوە ئەو مومارەسانە بنبڕ دەکات، بەڵکو ڕێگاکانیشی لێ دەگرێت.

---

18- Nelson, Valerie M., and Al B. Benson. "Epidemiology of Anal Canal Cancer." Surgical oncology clinics of North America 26.1 (2017): 9-15.

هەروەها:

Chiao, Elizabeth Y., et al. "A population-based analysis of temporal trends in the incidence of squamous anal canal cancer in relation to the HIV epidemic." JAIDS Journal of Acquired Immune Deficiency Syndromes 40.4 (2005): 451-455.

19- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بابەتی (لادانی جینسی یان هاوڕەگەزبازی)، گۆڤاری هەیڤ، ژمارە (٤٧).

20- Freud, S. The Psychogenesis of a Case of Homosexuality in a Woman; Standard Edition Volume 18; Hogarth Press: London, UK, 1955 [1920]; pp. 145–172.

21- Gates GJ. How many people are lesbian, gay, bisexual and transgender?.

22- Fethers K, Marks C, Mindel A, Estcourt CS. Sexually transmitted infections and risk behaviours in women who have sex with women. Sexually Transmitted Infections. 2000 Oct 1;76(5):345-9.

23- Waterman L, Voss J. HPV, cervical cancer risks, and barriers to care for lesbian women. The Nurse Practitioner. 2015 Jan 16;40(1):46-53.

هەروەها:

Matthews AK, Brandenburg DL, Johnson TP, Hughes TL. Correlates of underutilization of gynecological cancer screening among lesbian and heterosexual women. Preventive Medicine. 2004 Jan 1;38(1):105-13.

24- Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders, 5th edition DSM-5th, American Psychiatric Association, 2013, p698.

25- Hunt M. Sexual behavior in the 1970s.



# نهێنیی شلەی ناو مێشك

ن: د. بەهێز محەمەد ساڵح، پزیشکی پایەبڵندی نەشتەرگەری نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار.
bahezmuhammed@hotmail.com

یەکێك لەو پێکهاتە سەرەکییانەی کە کاری مێشك ڕادەپەڕێنێ شلەی ناو مێشکە، بە شێوەیەك کە هاوسەنگییەکی تەواو لە کار و چالاکییەکانی مێشك و دڕکەپەتکدا دروست دەکات.. شلەی ناو مێشك پێی دەوترێت: cerebro spinal fluid (CSF)، شلەیەکی ڕوونی بێ ڕەنگە نزیکە لە پێکهاتەی پلازمای خوێن، ئەم شلەیە لە ژێر پەردەی جاڵجاڵۆکەی مێشک لە شوێنێکدا دروست دەبێت کە پێی دەوترێت (choroid plexus) کە قەبارەکەی150 ملم سێ جا دەبێت، هەموو خولەکێکیش 0,5 ملی لیتر شلەی ناو مێشك دروست دەکات. پەستانی ئەم شلەیە جێگیرە و، هەروەک ئاماژەمان پێدا نزیکە لە پلازماوە، شەکری کلوکۆز نیوەی پێکدەهێنێت، لەگەڵ پڕۆتین و سۆدیۆم، بەڵام ڕێژەکەیان کەمترە لە پلازما. چونکە ئەگەر پێکهاتەی پڕۆتینی وەکو پلازما بێت، ئەو کاتە شلەکە خەست دەبێت و لە سووڕانەوە دەکەوێت و دەوەستێت، ئەو کاتە پەستانی مێشك بەرز دەبێتەوە و مێشك لە کار و چالاکی دەکەوێت. ئەم دیزاینە وردە بە شێوەیەك کراوە لە یەك میلیمەتر شلەی مێشکدا (0-5) خانەی خڕۆکەی سپی تێدایە چونکە کەمترین هەوکردن لە مێشکدا ڕوو دەدات و زۆربەی کات پارێزراوە ئەویش بەهۆی چەند بەربەستێکەوە کە لە ئەڵقەکانی داهاتوودا ڕوونی دەکەینەوە بەهۆیانەوە هەوکردن بە ئاسانی ناگاتە مێشك بۆیە کەمترین ڕێژەی خڕۆکەی سپی تێدا دانراوە، بە بەراورد لەگەڵ پلازمای خوێن کە ڕێژەیەکی زۆر 4000-11000خانەی خڕۆکەی سپی تێدایە، چونکە ڕۆژانە مرۆڤ تووشی چەندەها هەوکردن دەبێت بە نموونە وەك لەوزەتێن، سییەکان، گورچیلە... تاد، بۆ ئەوەی بە زووترین کات کۆنترۆڵی هەوکردن بکات.



ژیانی مرۆڤ بەندە بەم شلەیەوە، هەر تێکچوونێک واتا گیرانی بەهۆی گرێوە یان زەبری دەرەکی یاخود هەوکردنی پەردەی مێشکەوە مرۆڤ لە مردن نزیك دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بە خێرایی چارەسەر وەرگرێت.

ئەم شلەیە وەکو سەرین وایە نایەوێت مێشك بەر ئێسکی سەربکەوێت، پێی دەوترێت (shock absor ber)، واتە هەر زەبرێك بەر سەر بکەوێت ئەو هەڵی دەمژێت و نایەڵێت زیان بەر مێشك بکەوێت.



ئەم شلەیە مێشك و درکە پەتك هەڵدەگرێت، مێشك لەو شلەیەدا سەر ئاو دەکەوێت، چونکە سیفەتی کەمکردنەوەی کێشی هەیە، مێشکی مرۆڤ نزیکەی 1,500 گرام دەبێت لە هەوادا، واتە کیلۆ و نیوێك. بەڵام لەم شلەیەدا دەبێت بە 50 گرام. ئەگەر بێتو مرۆڤ هەست بە کێشی ڕاستەقینەی سەری بکردایە نەیدەتوانی سەر بجووڵێنێت بە ئاسانی.

هەروەها خواردن بە مێشك دەدات، لەگەڵ لابردن و پاکردنەوەی هەموو پاشماوەکانی خانەکانی مێشك، هەروەها پەستانی ناو مێشك ڕادەگرێت و، ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕژاندنی هۆڕمۆن و هەندێ ماددەی ناو مێشك.

ئەوەی باسمان کرد بەشێکی کەم بوو لە کارە گرنگ و هەستیارەکانی ئەم شلەیە کە لە سیستمی دەمارە خانەکەدا ئەنجامی دەدات، دەبینین چەند بە تەرازوویەکی هەستیار و ڕێکوپێك دروست کراوە. چۆن هاوسەنگی بەشەکانی ناو مێشك ڕادەگرێت و هەموویان بەدەم یەکەوە دەچن، ڕۆژانەش 500 میلی لیتر شلەی ناو مێشك دروست دەبێت. بە بێ ئەوەی خۆمان ئاگامان لێی بێت! ئەو کەسەی شلەی مێشکی دروست کردووە، هەر ئەویشە سیستمی خوێنی مێشکی بەدی هێناوە و، بە هاوسەنگی و هاوکاریی یەکتری کار دەکەن.

دروستکاری هەموویان هەر یەکە،
خوای تاك و تەنهایە.

سەرچاوە

-Book.ClinicalNeuroanatomy.Richard S.Snell.Chapter 16.page 458.
-TextBookofClinicalNeuroanatomy. Vishram Singh.chapter 16.page 260



# شیرەوا، خۆراکی دڵە!

ئا: اسراء لطفي
و: جومعە هەمەوەندی

عَنْ عَائشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهَا كَانَتْ إِذَا مَاتَ الْمَيِّتُ مِنْ أَهْلِهَا فَاجْتَمَعَ لِذَلِكَ النِّسَاءُ، ثُمَّ تَفَرَّقْنَ إِلا أَهْلَهَا وَخَاصَّتَهَا، أَمَرَتْ بِبُرْمَةٍ مِنْ تَلْبِينَةٍ فَطُبِخَتْ، ثُمَّ صُنِعَ ثَرِيدٌ فَصُبَّتْ التَّلْبِينَةُ عَلَيْهَا، ثُمَّ قَالَتْ: كُلْنَ مِنْهَا، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: (التَّلْبِينَةُ مُجِمَّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ، تَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ) رواه البخاري (5101) ومسلم (2216 ).

وعنها رضي الله عنها أَنَّهَا كَانَتْ تَأْمُرُ بِالتَّلْبِينِ لِلْمَرِيضِ وَلِلْمَحْزُونِ عَلَى الْهَالِكِ، وَكَانَتْ تَقُولُ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: (إِنَّ التَّلْبِينَةَ تُجِمُّ فُؤَادَ الْمَرِيضِ، وَتَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ) رواه البخاري (5365) ومسلم (2216)). قَالَ النووي" : ( مَجَمَّةٌ وَيُقَالُ: (مُجِمَّةٌ) أَيْ: تُرِيحُ فُؤَادَهُ، وَتُزِيلُ عَنْهُ الْهَمَّ، وَتُنَشِّطُهُ".

## شیرەوا، خۆراکی دڵە

زۆربەی جارەکان جۆ بە هەموو شێوەکانی لە سیستمی خۆراکیی لاوازکردن بەکار دێت، ئەمە دروستە، بەڵام تەنها جۆ نییە کە سوودی هەبێت، بەڵکوو شیرەوا (تەلبینە)ی جۆ؛ خەمی دڵ و دەروون لا دەبات، هەروەك چەوریيە زیانبەخشەکانی جەستەش لا دەبات، با بزانین چۆن؟

شیرەوای جۆ، شلەیەکە لە دوو کەوچك لە هاڕاوەی جۆ بە کەپەکەکەیەوە دروست دەکرێت، دوو پەرداخ ئاوی بەسەردا دەکرێت و لەسەر ئاگرێکی هێمن بۆ ماوەی پێنج خولەك دەکوڵێنرێت، هەندێ کەس کەوچکێك هەنگوینیشی بەسەردا دەکەن.

کە پێی دەڵێن شیرەوا (تەلبینە)، لەبەر ئەوەیە کە لە سپێتی و ناسکییەکەی؛ بە شیرەوا دەچێت.

لە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمانی دەکرد شیرەوا دروست بکەن بۆ نەخۆش و ئەو خەمبارەی کەسێکی لەدەست داوە، دەیگوت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: ((إِنَّ التَّلْبِينَةَ تُجِمُّ فُؤَادَ الْمَرِيضِ، وَتَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ) رواه البخاري ( 5365 ) ومسلم (2216)

## ئارامیی دڵ، دوو لایەن دەگرێتەوە

دەروونی (خەم و پەژارە لا دەبات) و ماددی یان جەستەیی (نەخۆشییەکانی دڵ و مولوولە دەمارییەکان).

## لایەنی دەروونی

لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر مشك کراوە، بۆ بەراوردکردنی کاریگەریی دەرمانی دژەخەمۆکی (Desvenlafaxine) بەتەنها بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی لەگەڵ شیرەوادا، بەو پێیەی سەرچاوەی ترشی ئەمینی تریپتۆفان (Tryptophan)ە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە شیرەواکە دابەزینی کێشی کەم کردووە (کە ئەمە یەکێك بوو لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی دەرمانەکە) و کاریگەرییەکەشی زیادی کرد، بەڵکوو ئەو کۆمەڵەیەی شیرەواکەیان بەتەنها پێ درابوو؛ کاریگەریی پێچەوانەی نیشانەکانی خەمۆکییان تیا دەرکەوت[1].

باری مەزاجی و دروستیی دەروونی پەیوەستە بە هەندێك گوێزەرەوەی دەماری، -کە دڵەراوکێ و خەمۆکی کەم دەکاتەوە و مەزاج چاك دەکات، کە دەکەونە هەندێك ناوچەی مێشکەوە و بەرپرسن لە هاندانی دەروونی، بەناوبانگترینی ئەو گوێزەرەوانە و گەورەترینیان لە رووی کاریگەرییەوە لەسەر مەزاج، سیرۆتۆنین (Serotonin)ە، بۆیە زۆربەی دەرمانە دژەخەمۆکییەکان کار بۆ زیادکردنی ئەو گوێزەرەوە دەمارییە دەکات (بە کەمکردنەوەی شکانەکانی و شێوازی دیکەش)، هەروەها (تریپتۆفان) ئەو ترشە ئەمینییە بنچینەییە کە لە پرۆسەی دروستکردنی (سیرۆتۆنین)ی سروشتی لەناو جەستە بەشدارە.

بە بەراوردکردنی ئەوانەی بڕی زۆر لە سەرچاوەکانی ترشی تریپتۆفان وەردەگرن لەگەڵ ئەوانەی بڕی کەمی لێ وەردەگرن، دەردەکەوێت کە ئەوانەی زۆریان وەرگرتووە؛ کەمتر دڵەراوکێ و شڵەژانیان تووش دەبێ[2].

لێکۆڵینەوە لەسەر نزیکەی سی (30) کەسی مالیزیی بەتەمەن کرا کە دوچاری خەمۆکی بووبوون، رۆژانە بڕێکی جێگیر شیرەوایان پێ درا، وەك سەرچاوەیەکی (تریپتۆفان) و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك چاودێریی کران، چاکبوونێکی دیاریان لێ دەرکەوت و شڵەژانیان کەم بوویەوە[3].

لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەدا لەسەر مشك، بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەریی شیرەوای بەردەوام لەسەر چاککردنی ئاستی گوێزەرەوە دەمارییەکان، کە رەنگە دەستکردەکانی ناو خۆراکەکانمان کەمی دەکەنەوە، ئەنجامەکان دوویاتیان کردووە کە شیرەوا ئاستی (نۆرئیپینیفرین Nor-epinephrine و دۆپامین Dopamine و سیرۆتۆنین Serotonin) بەرز دەکاتەوە و توانای ئۆکسانی ئەو رەنگە دەستکردانەش لەسەر مێشك و جگەریش پێچەوانە دەکاتەوە و چاکیان دەکات، چونکە شیرەوا خاسیەتێکی دژەئۆکسانی تێدایە[4].

## شیرەوا و نەخۆشانی دڵ

سەبارەت بە نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، بەپێی توێژینەوە زانستییەکان جۆ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چەورییە زیانبەخشەکان، وەك کۆلیسترۆل لە شێوە جۆراوجۆراوەکانی وەك (LDL) لە رێگای پێکهاتەی بیتاگلۆکان (ß-glucan)، کە ئەمەش پارێزەرە لە نەخۆشییەکانی رەقبوونی خوێنبەرەکان کە سەرەتایە بۆ زۆربەی نەخۆشییەکانی دڵ، وەك سەکتەی دڵ و داخرانی ماسوولکەی دڵ (الذبحة واحتشاء عضلة القلب)، هەروەها جۆ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشاری بەرزی خوێن[5].




## سەرچاوەکانی نووسەر

(1) Abdelaziz EZ. Pycnogenol and talbina can ameliorate the antidepressant effect of desvenlafaxine in depression-like behavior in mice. Eur J Pharm Med Res. 2016;3(120):126.

(2) Lindseth G, Helland B, Caspers J. The effects of dietary tryptophan on affective disorders. Archives of psychiatric nursing. 2015 Apr 1;29(2):102-7.

(3) Badrasawi MM, Shahar S, Manaf ZA, Haron H. Effect of Talbinah food consumption on depressive symptoms among elderly individuals in long term care facilities, randomized clinical trial. Clinical interventions in aging. 2013;8:279.

(4) http://www.jofamericanscience.org/journals/amsci/am121116/09_31308jas121116_94_103.pdf

(5) Ho, H.V.T., Sievenpiper, J.L., Zurbau, A., Mejia, S.B., Jovanovski, E., Au-Yeung, F., Jenkins, A.L. and Vuksan, V., 2016. A systematic review and meta-analysis of randomized controlled trials of the effect of barley ß-glucan on LDL-C, non-HDL-C and apoB for cardiovascular disease risk reduction i-iv. European journal of clinical nutrition, 70(11), p.1239.



# ڕۆژووگرتن و باشکردنی ئاگایی و توانای فێربوون

" ئایا ڕۆژووگرتن" سەعیکردن و ئاگایی و تەرکیزی فێربوون لاواز و کەم دەکات؟

د. شوان حسەین صۆفی shwan.phd@gmail.com

لەناو خەڵکیدا گومانێکی وا باوە کە ڕۆژووگرتن دەبێتە هۆی لاوازیی ئاگایی و تەرکیز و توانای فێربوون و، کزیی یادگا و بیرهاتنەوە و، نەمانی توانای سەعیکردن و کۆششکردن لە وانەکاندا، بەڵام بەپێی دەیان دەرەنجامی توێژینەوەی تاقیکاریی فیسۆلۆژیای دەماری و مێشک ڕێک پێچەوانەکەی ئەم گومان و بۆچوونە ڕاستە، چونکە دەرکەوتووە کە ڕۆژووگرتن و لێگرتنەوەی خواردن دەبێتە هۆی زیادکردن و باشکردنی ئاگایی و تەرکیز (Attention and alertness) و تێگەیشتن و ئیستعاب و توانای فێربوون (Learning) و یادگا (Memory) و وەبیرهاتنەوە (Recall)، بە پێچەوانەوە لە توێژینەوەکانەوە دەرکەوتووە کە زۆرخۆری و خواردنی قورسی وەک چەوری و پرۆتینەکان و ژەمە قورس و ئاڵۆزەکان و قەڵەوی و کێشی زیادەی لەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تەرکیز و ئاگایی و فێربوون و زاکیرە، مەگەر تەنها هەندێک جار لە دوو کاتژمێری کۆتایی پێش بەربانگدا (دوای تێپەڕبوونی 14 کاتژمێر) لای ئەو کەسانەی کە شەکری گلوکۆزی خوێنیان دادەبەزێت، بە هۆی ئەوەی نووستنیان باش و بە گوێرەی پێویست نەبووە و، خواردن و خواردنەوەی لە پارشێو و بەربانگدا تەندروست و هاوسەنگ و هەمەچەشن نەبووە و، تووشی کەمیی خۆراک بوون (Undernutrition)، ڕۆژووگرتن بۆ ئەوانە کار دەکاتە سەر دابەرینی زیندەچالاکییەکانی مێشک، لەوانەش توانای فێربوون و ئاگایی و تەرکیز.

لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە ڕۆژووگرتن و، بێبەشبوون لە خواردن و، لێگرتنەوەی خۆراک، دەبێتە هۆی باشبوونی زیندەفرمان و ئەدای هزری و لۆژیکی و عەقڵی و یادگا و ئاگایی و تەرکیز و توانای فێربوون لە مرۆڤ و گیانەوەرەکانی تاقیگەدا، وەک: مشک و جرج... هتد، ڕۆژووگرتن لە ڕێگەی چەندین میکانیزمەوە کار دەکاتە سەر پێکهاتە و فرمانەکانی خانەکانی مێشک:

1- ڕۆژووگرتن و، لێگرتنەوەی خۆراک و، کەمخۆری دەبێتە هۆی زیادبوونی زیندەگەردەکانی نیرۆترۆفینەکانی (Neurotrophins) مێشک کە فاکتەری خۆراکپێدەری خانەکانی مێشکن و، ڕۆڵ و کاریگەریی سەرەکییان هەیە لە پاراستن و بە ساغی هێشتنەوەی دەمارەخانەکان و، ئەبدەیتکردنەوە و چاککردنەوە و تازەکردنەوە و نوێبوونەوە و دروستبوونی دەمارەخانەی نوێ لە قەدەخانەکان و باشکردنی زیندەفرمانەکانی دەمارەخانەکان و پاراستنیان لە تێکچوون و نافرمانی و لەکارکەوتن و زوو پیربوون و مردنی بەرنامەڕێژیی خانەکان (Apoptosis). بەمەش توانای ئەدا و زیندەکردارەکانی مێشک زۆر باش و کارا و چالاک دەبێت و، ئاگایی و تەرکیز و توانای فێربوون و بیرهاتنەوە باش دەبێ و زیاد دەکات [1،2،3].

2- ڕۆژوو دەبێتە هۆی زیادبوونی هۆرمونی برسێتی (Gherlin) کە دەبێتە هۆی چالاککردن و کاراکردنی تێکڕای وەرگرەکانی کۆتایی دەمارەخانەکان لە مێشک و، هاندان و زیادبوونی توانای ئەبدەیتکردن و، گونجانی مێشک (Neuroplasticity) و، پەیوەندیی گەینکە دەمارەکانی مێشک و، گواستەنەوەی دەمارە ڕاگەیاندنەکان و زانیارەکانی نێوان دەمارەخانەکان، بەمەش دەبێتە هۆی باشبوون و زیادبوونی ئاگایی و تەرکیز و بیرهاتنەوە و باشبوونی کردارەکانی عەقڵی و ئیدراکیی مێشک [1،2،3].

3- هاندانی کرداری خۆشیکردنەوە (Autophagy) لە دەمارەخانەکان، بەمەش خانەکانی مێشک خۆیان

پـاک دەکەنـەوە لـە گـەردە تێکچـوو و لەکارکەتـووەکان و مایتۆکۆندریـای تێکچـوو و، نافرمانـی و دەسـتپێکردنی گەشـەی خانـەکان، ئەمـەش کردارەکانـی فێربـوون و میمۆریـی مێشـک بەهێـز و بـاش دەکات [4،5،6].

4- ڕۆژوو دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی زیندەگـەردی دەردانـی ئۆرکسـین (Orexin) کـە ڕۆڵـی کارای هەیـە لـە باشـکردنی فرمانەکانـی عەقڵـی و پەیبردن و فێربـوون و وەرگرتـن و یـادگا و ئاگایـی لـە ناوەنـدی هیپۆکامپسـی مێشـک [8،7].

5- زیادبوونـی هۆرمۆنـی سـیرتۆنین و، ڕێکخسـتنەوەی سـووڕی نووسـتن و، باشـکردنی بەرنامـەی نووسـتن. نووسـتنی بـاش و پێویسـت و نموونەیـی کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر فێربـوون و یـادگا و ئاگایـی و تەرکیـز [1].

پـاک و بێگـەردی بـۆ خـودای دانـای پەنهانـزان، گوێڕایەڵـی و فەرمانبـەرداری بـۆ ئـەرک و فەرمانەکانـی چاکـە و، بەرەژەوەندیـی دونیـا و قیامەتـی مرۆڤـە. ئیعجاز و نهێنییەکانـی ڕۆژووش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەردەکەوێـت و کۆتایـی نایـەت.

پـاک و بێگـەردی و گەورەیـی بـۆ خـودای زانـا و کاربەجـێ، بـە هـۆی گوێڕایەڵیـی فەرمـان و شـەریعەتەکەی و پارێـزکاری وای کـردووە کـە مـرۆڤ زاناتـر بێـت و، باشـتر فێـر ببـێ و، زاکیـرە و یادگـە و تەرکیـزی باشـتر و چاکـتر بـێ، وەک دەفەرموێـت:

﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٨٢ ﴾ البقـرة.

**پەراوێزەکان:**

1-Abdolhossein Bastani, Sadegh Rajabi, and Fatemeh Kianimarkani. The Effects of Fasting During Ramadan on the Concentration of Serotonin, Dopamine, Brain-Derived Neurotrophic Factor and Nerve Growth Factor. Neurol Int. 2017 Jun 23; 9(2): 7043.
2-Mark P. Mattson, Keelin Moehl, […], and Aiwu Cheng. Intermittent metabolic switching, neuroplasticity and brain health.Nat Rev Neurosci. 2018 Feb; 19(2): 63–80.
3-A. V. Witte, M. Fobker,and A. Flöel.Caloric restriction improves memory in elderly humans.See Proc Natl Acad Sci U S A. 2009 April 7; 106(14): 6023.
4--Alirezaei,Mehrdad,etal."Short-termfastinginducesprofoundneuronalautophagy."Autophagy6.6(2010):702-710.
5-Finn PF, Dice JF. "Ketone bodies stimulate chaperone-mediated autophagy J Biol Chem. 2005 Jul 8;280(27):25864-70.
6-Thomas J. LaRocca et al., Translational evidence that impaired autophagy contributes to arterial ageing. Exp Gerontol. 2013 Oct; 48(10): 1003–1005.
7-Aljohara S. Almeneessier, Mohammed Alzoghaibi, and Ahmed S. BaHammam.The effects of diurnal intermittent fasting on the wake-promoting neurotransmitter orexin-A.Ann Thorac Med. 2018 Jan-Mar; 13(1): 48–54.
8-Barbara Ferry and Patricia Duchamp-Viret.The orexin component of fasting triggers memory processes underlying conditioned food selection in the rat.Learn Mem. 2014 Apr; 21(4): 185–189.

## کۆڕبەندێکی نوێی زانستیی تایبەت بە خوشکان

ڕۆژی چوارشـەممە (1/ 5/ 2019ز)، لـە سلێمانی، لـە تـەلاری ئیعجاز، لـە هۆڵـی مامۆسـتا نەشـئەت، کۆڕبەندێکـی زانسـتیی و ئیمانی تایبەت بە خوشـکان، بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە قوتابیـانی قورئـان و خوشـکانی ڕۆشـنبیر بەڕێوەچوو...

سـەرەتای کۆڕبەندەکـە بـە خوێندنـەوەی چەنـد ئایەتێك لـە قورئانی پیرۆز دەسـتی پێکـرد، کـە لەلایـەن هـەردوو قوتابـی قورئـان خاتـوو (هلنـد و شـادی)یەوە خوێندرایـەوە. پاشـان لەلایـەن بەڕێـز خاتـوو (شـەیما فـارووق) وتـەی بەخێرهاتـن پێشـکەش کـرا.

کۆڕبەندەکە سێ بابەت و، وتەیەکی تیادا پێشکەش کرا:

بابەتـی یەکـەم: (تەمەنـی 40 سـاڵی و گۆڕانکارییەکانـی دوای ئـەم تەمەنـە)، لەلایـەن: خاتـوو (سـۆزیار محمـود عزیـز) ئەندامـی گروپـی گۆڤـاری هەیـڤ.

بابەتـی دووەم: (سـەرکردەکانی بەهەشـت)، لەلایـەن: بەڕێـز (محمـد رؤوف أحمـد)، ئەندامـی دەسـتەی گشـتی ناوەنـد.

بابەتـی سـێیەم: (ئادابەکانـی هەڵگـران و قوتابیانـی قورئـان)، لەلایـەن: بەڕێـز (مامۆسـتا شـاناز دلاوەر) مامۆسـتای خوێندنەوەی قورئانـی پیرۆز..

وتـەی میوانانـی کۆڕبەندیـش لەسـەر (ژینگـە پارێـزی)، لەلایـەن: خاتـوو (بێگـەرد) چالاکوانـی بـواری ژینگـە لـە وڵاتـی ئەڵمانیا پێشکەشکرا و، دوای خـوانی نیـوەڕۆش کۆڕبەندەکـە سـەرکەوتووانە کۆتایـی هـات.

لەکۆتایـی کۆڕبەندەکـەدا بڕوانامـەی بەشـداریکردن و خەڵاتـی ڕێزلێنـان بەسـەر قوتابیان و مامۆسـتایانی خـولی خوێندنەوەی قورئانـدا دابەش کرا و سـەرکەوتووانە کۆتایـی هـات.












# سیمپۆزیەمی زانستیی هاوبەش
# (ناوەندی کوردس

ڕۆژی شەممە (13/ 4/ 2019ز)، لە سلێمانی، لە تەلاری ئیعجاز، لە هۆڵی مامۆستا نەشئەت، سیمپۆزیەمی زانستیی هاوبەشی (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا) لەگەڵ (کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان-زانکۆی سلێمانی) بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی پۆلێکی ناوازە لە ڕۆشنبیران و بیرمەندان و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکانی زانست و مەعریفە.



سەرەتای سیمپۆزیەمەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، کە لە لایەن بەڕێز (د. کۆچەر عومەر)ەوە خوێندرایەوە.



پاشان لە لایەن بەڕێوەبەری سیمپۆزیەمەکەوە، بەڕێز (مامۆستا ئاراس حەمە ئەمین عوسمان) مامۆستا لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی وتەی بەخێرهاتن پێشکەش کرا، تیایدا باسی لە ڕێکارەکانی بەڕێوەچوونی سیمپۆزیەمەکە کرد..



پاشان وتەی ڕاگرایەتی و ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی لە لایەن بەڕێز (پ.ی.د. محەمەد حسێن عبداللە پێنجوێنی) جێگری ڕاگری کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان پێشکەش کرا، کە تیایدا بە ناوی کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان و ناوەندی کوردستانەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە لە پێشینەی ئەرکە ئاینیەکان هەوڵدانی ئاییندارانە بۆ شارەزابوون و تێگەیشتنی دروست و زانستی لە ئایینەکەیان، تێگەیشتنێکی پشت بەستە بە بەڵگە و گونجاو لەگەڵ زانست و هزر و ئاوەزی دروست، تا باوەڕ لە ناخی بڕواداردا بچەسپێت و ڕەگ داکوتێت، بە جۆرێك باهۆزی گومان و ئارەزووەکان، پیلانی نەفس و شەیتان، هەوڵی ناحەز و دوژمنان نەیلەرزێنێ، هەر لەبەر گرنگیی ئەم تێگەیشتنە و لێکەوتەکانیەتی کە تێگەیشتوان لەوانەن کە پەروەردگار ویستی خێری پێیانە و هەموو هەنگاو و هەوڵەکانیشیان لەم ڕێبازەدا بە پەرستش و بەندایەتی تۆمار دەکات.. بە درێژایی مێژووی







## ـــی نێوان (کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی) و ـــــتان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا)

ئیسلام (باشترینەکان، خاوەن پێگە و پایەکان، ناوداران و پێگەیشتووان) هەوڵی بێ وچانیان داوە بۆ تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودە... ئەرکی سەرشانی ناوەندە توێژینەوە و هزرییەکان و زانگە و زانستگە ئەکادیمییەکانە درێژە بەو ڕێبازە بدەن، ئەمەیش بە گرنگیدانی تایبەت بە قورئان و سوننەتی پێشەوامان ﷺ و هەڵگۆزانی حوکم لێیان و خوێندنەوەی نوێ و گونجاو بۆیان، بە تایبەت دەرخستنی ئیعجازەکانیان و سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم پەیامە لە لایەن بەدیهێنەری بوون و ژیانەوە نێردراوە و بەڵگە زانستییە جۆراو جۆرە درەوشاوەکانیشی باشترین گەواهیدەرن.

هەروەها وتی: "بۆیە پێمان وایە کارکردن بۆ دۆزینەوەی ئیعجازە زانستییەکان و دەرخستنیان باشترین جیهاد و تێکۆشانە لە پێناو ئاییندا، هاوکات گرنگترین هۆکاری چەسپانی ئیمانە لە ناخی ئیمانداراندا و باشترین ڕەوێنەرەوەی گومانی بەدگومانانە، هەروەك کاریگەرترین ئامرازی نوێی بانگەواز و قایلکردنی بەرانبەرە بۆ قبوڵکردنی ئاینی ئیسلام و وەرگرتنی".



پاشان وتەی ناوەندی کوردستان لە لایەن بەڕێز (د. محەمەد طاهر بەرزنجی) ئەندامی دەستەی گشتی ناوەندەوە پێشکەش کرا. سەرەتا ئاماژەی بەوە دا کە مرۆڤ گەلێ دڵخۆش دەبێ کە دەبینێ دوو دامەزراوەی زانستی هاوکاریی یەکتر دەکەن لەم بوارەدا وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ﴾ بە تایبەتی لەم بوارە و لەم کاتەی ئێستادا زۆربەی زانکۆ ئیسلامییەکان لە جیهاندا بایەخێکی زۆر دەدەن بە بواری ئیعجازی زانستی.. ئێمەی موسڵمانیش لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بە ئەرکی سەرشان و بە واجبێکی دینی دەزانین، چونکە خوای گەورە لە دوو لایەندا بواری ڕەخساندووە و کارئاسانیی بۆ مرۆڤ کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام ئیشی تیا بکات.. بواری یەکەم زانستە شەرعییەکانە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ يَسَّرۡنَا ٱلۡقُرۡءَانَ لِلذِّكۡرِ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ﴾. خوای گەورە سەدان موفەسسیر و زانای فەرموودەی ڕەخساندووە بۆئەوەی ئێمە لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتی ئازیزمان تێبگەین. بواری دووەمیش بواری زانستە ئەزموونییەکانە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُ﴾ هەرچی وزە و توانای ئەم بوونەوەرە هەیە لە خزمەتی مرۆڤدایە، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَ﴾..

هەروەها بەڕێزیان باسی ئەوەیان کرد کە کوردستانیش لەم بوارەدا پشکی باشی بەرکەوتووە، چونکە میللەتی کورد میللەتێکی زیرەك و وریا و ئازایە لە سەرجەم بوارەکاندا، وەک لە بواری فەرمووده و زانستەکان و سیاسەتمەداری و حوکمڕانیدا.. بۆ نموونە لە بواری زانستی تەکنیکیدا عەللامە مەلا ئیسماعیلی بۆتانی جزیری ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کە پێش چەند سەد ساڵێ چەندین نەخشەی مەکینەی ئۆتومبێل و پاپۆڕ و فڕۆکەی بە دەستی خۆی کێشاوە، کە دواتر زانایانی ئەوروپا بردوویانە بۆ ئەوروپا و بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان

کـردووە، ئـەم ڕاسـتییە نزیکـەی **10** سـاڵێکە لـە مۆزەخانـەی لەنـدەن ئاشـکرایان کـردووە و، نیشـانی خەڵـکی دەدەن.. بەڕێزیـان ئامـاژەیـان بـەوە دا: ئیعجـازی زانسـتی دەبێـت چەنـد مەرجێـکی تیـا بێـت، لەوانـە کار لەسـەر ڕاسـتیی زانسـتی بـکات نـەك بیـردۆزی زانسـتی.. پاشـان ڕای ڕاڤەکەرانـی پێشـین بەهەنـد وەربگیرێـت. خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، (سین)ەکە بـۆ (استقبال)ە، تـا مەعریفـەی مـرۆڤ زیـاد بـکات بڕوابـوون بـە قورئـان توندوتۆڵـتر دەبێـت.
پاشـان پەیامـی بەڕێـز پارێـزگاری سـلێمانی (د. هەڤـاڵ ئەبوبەکـر) کـە لـە دەرەوەی وڵاتـەوە ناردبـووی خوێندرایـەوە، کـە تیایـدا بـە نـاوی پارێـزگاری سـلێمانییەوە، پیرۆزبایـی و پێزانینـی خۆیانیـان ئاڕاسـتەی ئامادەبـووان کردبـوو، هەروەهـا ئومێـدی سـەرکەوتنی بـۆ خواسـتبوون، کـە تیایـدا هاتبـوو: "سوپاسـی هەمـوو ئـەو زانـاو دانـاو توانـاو ئەزمونگـەرو منەوەرانـە دەکەیـن کـە بـە بیـرو زەیـن و بـاوەڕو کـرداری وردیـان هـۆش و دەق لـە ژوانـی لێکۆڵینـەوەی زانسـتیانەدا ئاوێـزان دەکـەن، دەتوانـن سـەرچاوەی ڕوونـی قورئانـی پیـرۆز لـەم سـەردەمی گومـان و تیـرۆرو سـاختەکاریی و گەندەڵیـی و بێهودەییـەدا، بکەنـەوە بـە ڕووبـاری ژیـان و دەمارەکانـی خوێنمانـدا، دەقـە پیرۆزەکانـی قورئـان لـە چوارچێـوەی بانگخـوازی و مینبـەرو میحـراب و مزگەوتەکانـەوە بـۆ ڕێکخسـتن و پێشخسـتنی مـرۆڤ و ژیـان و گـەردوون و ئاوەدانکردنـەوەی زەمیـن بگوازنـەوە.
گواسـتنەوەی دەقـەکان بـۆ تاقیکردنـەوە و ئەزمـوون و زانسـت، تەنهـا سـەلماندنی ڕاسـتیی و ڕوونیـی و ڕەوایەتـی قورئانـی پیرۆزو ئەمانەتداریـی و ئـاکاری بـەرزو بڵنـدی پەیامهێنـی خـودای گـەورە (محەمـەدی نێردراوی خـودا) نییـە، بەڵکـو چەسـپاندنی ئـەو بنەما بنچینەیـی و میکانیزمـە پەرەپێدانانەیـە، کـە خـودا مرۆڤـی لەپێناویدا دروسـت کـردووە و، خوایەتـی خـودای تێـدا بەرجەسـتە کـردوون. لێبوردەیـی و دادپەروەریـی و ئەمانەتداریـی و بـە هێـزی لۆژیـک و بـازوو بیـرو بەرهەمەکان، سـیفاتگەلێکن کە دواجار مـرۆڤ لە ڕێی پەیامەکانـی خـودا و کارپێکردنیانـەوە، بەهـا بـە بـوون و بـە ژیـان و بـە مـرۆڤ و بـە گـەردوون دەبەخشـنەوە و ئارامیـی و ئاسـایش و ئاشـتی و ئازادیـی و ئاوەدانـی و ئاسـوودەیی دەچەسـپێنن".
پاشـان سـیمپۆزیەمەکە دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد، کـە لـە سێ دانیشـتنی زانسـتی پێکهاتبـوو:




دانیشـتنی زانسـتیی یەکـەم: لـە لایـەن (پ.ی.د. أمجـد قەرەداخـی)، سـەرۆکی خوێندنـی بـاڵا و لیژنـەی زانسـتی کۆلێجـی ئەندازیـاری، زانکـۆی سـلێمانی سـەرۆکایەتی کـرا و تیایـدا چـوار بابـەت پێشـکەش کـرا:



- (ئیعجـازی قورئـان و فەرمـوودە لـە تەشریعـدا، لادانـی جنسـی و دەرەئەنجامەکانـی لـە نێـوان شـەریعەت و زانسـتی سـەردەمدا بـە نموونـە)، لـە لایـەن: (د. دیـاری أحمـد قەصـاب)، پرۆفیسـۆری یاریدەدەر لە نەشـتەرگەری/ کۆلێجی پزیشـکیی- زانکۆی سلێمانی.



- (ئامـاژە ئیعجازییـەکان لە زانسـتە سروشـتییەکاندا، زانسـتی فیزیا بـە نموونـە)، لـە لایـەن: (د. خالـد أحمـد مصطفـی)، مامۆسـتا لـە بەشـی پـەروەردەی ئاییـن/ کۆلێجـی زانسـتە ئیسـلامییەکان- زانکـۆی سـلێمانی.



- (ئیعجـازی خەلـق لـە دەنکـە هەڵاڵـەدا)، لـە لایـەن: (د. کارزان عمـر قـادر علـی)، مامۆسـتا لـە بەشـی بایەلۆجـی/ کۆلێجـی زانسـت- زانکـۆی سـلێمانی.



- (بورکانەکانی حیجاز لە سوننەتدا)، لە لایەن: (خالد حسن علی)، ئەندازیاری شارستانی و ئەندامی دەستەی گشتی ناوەند.



دانیشتنی زانستیی دووەم: دووای پشووی نیوەڕۆ، دەستی پێکرد، لە لایەن (د. عبد اللە محمد کریم)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی سەرۆکایەتی کرا و تیایدا سێ بابەت پێشکەش کرا:




- (دروستبوونی مرۆڤ و جێنشین لەسەر زەوی لە نێوان دیدی قورئانی و زانستی سەردەم ئیعجازێکی زانستی لە قورئانی پیرۆز)، لە لایەن: (د. زریان حاجی)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی شوێنەوار- زانکۆی سلێمانی.



- (ئیعجازی زانستی لە نێوان تێپەڕاندن و کەمتەرخەمیدا)، لە لایەن: (د. حسێن محمد ابراهیم)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی.




- (ئاماژە ئیعجازییەکان لە زانستە مرۆییەکاندا، زانستەکانی پەروەردە و دەروونناسی بە نموونە)، لە لایەن: (د. عادل محمد شێخانی)، مامۆستای کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی.



دانیشتنی زانستیی سێیەم: لە لایەن (د. صباح ستار)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی، سەرۆکایەتی کرا و تیایدا دوو بابەت پێشکەش کرا:




- (پێوەرەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا)، لە لایەن: (پ. ی. د. عبدالفتاح حسین سلێمان)، سەرۆکی بەشی پەروەردەی ئاینی لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی.




- (کاریگەریی ئیعجاز لەسەر پتەو بوونی ئیمان و بەرەو پێشچوونی بانگەوازی ئیسلامی)، لە لایەن: (د. محمد عبداللە پێنجوێنی)، مامۆستای کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی.







جێی ئاماژەیە ئامادەبووان بە سەرنج و پرسیار و بەشدارییەکانیان زیاتر بابەتەکانیان دەوڵەمەندکرد.



پاشان ڕاسپاردەکانی سیمپۆزیۆم، لە لایەن بەڕێز (د. ئەکرەم بایز محەمەد)ەوە مامۆستای کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی، پێشکەش کرا.

**ڕاسپاردەکانی سیمپۆزیۆم:**

یەکەم: جەخت دەکەینەوە لەسەر کاری هاوبەش لە نێوان کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی و ناوەندی کوردستان بۆ ئیعازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە پێناو خزمەتکردنی زیاتر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

دووەم: قورئانی پیرۆز سرووشی پەروەردگارە و لە لایەن خاوەنی بونەوەرەوە نێردراوە، بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە موعجیزە و بە درێژایی زەمەن و بە جیاوازیی دۆخی بەرەو پێشچوونی ژیان بەڵگەی ڕاستیەتیی و خودایی بوونی ئەم پەیامە دەدرەوشێتەوە.

سێهەم: گرنگیدانی زۆرێك لە زانایانی پێشین بە بواری ئیعجازی زمانەوانی و ڕەوانبێژیی قورئانی پیرۆز بەو واتایە نایەت کە ئیعجازی قورئانی لەم بوارەدا قەتیس بکرێت، بەڵکو قورئانی پیرۆز چەندین بوار و ئاماژەی ئیعجازی لە ڕووی (مێژوویی، زانستە تەجریبیە جۆراو جۆرەکان، زانستە مرۆییەکان، سروشتییەکان، حوکمە تەشریعییەکان، هەواڵدان لە داهاتوو...تاد) لە خۆ دەگرێت.

چوارەم: لە پاڵ ئیعجازی قورئاندا، هەبوونی ئیعجازی سوننەتیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەواڵە غەیبییەکانی پێغەمبەر ﷺ پشت بەستە بە نیگای خودایی و، هاوکات بەڵگەی ئەوەیە کە هاوەڵان فەرموودەکانیان بە ڕاست و دروستی وەک خۆی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گەیاندووە و دواتر زانایانی فەرموودەناس بە زانست و ئەمانەتەوە فەرموودە ڕاستەکانیان بۆ ئێمە جیا کردۆتەوە.

پێنجەم: زانایانی پێشین و سەردەم هەموویان کۆکن کە ئەم پەیامەی لە لایەن بەدیهێنەری بونەوەرەوە هاتووە بێ شك موعجیزە و لە سەرووی توانا و هزری مرۆڤدایە، بەڵام ناکۆکییان لە چۆنییەتی و چەندێتیی و بوارەکانی ئەو ئیعجازانەیە. ڕای دروست و پەسندییش ئەوەیە کە بڵێین ئەم پرسەیش وەك تەواوی بابەتەکانی دیکە حەق تێیدا نێوەندگیرییە و دوورە لە شلگیری و توندگیری.

شەشەم: پێویستە زانایانی بروادار گرنگی زیاتر بدەن بە ئیعجازی زانستی لە قورئان و فەرموودەدا، چونکە دەرخستنی ئەم ئیعجازانە و سەلماندنی پشتگیریی هزر و لۆجیك و مێژو و زانست و گەردوون بۆ قورئان و فەرموودە وا دەکات مسوڵمانان زیاتر دەست بە ئایینەکەیانەوە بگرن و باوەڕەکەیان لە باوەڕێکی تەقلیدییەوە بگۆڕێت بۆ ئیمانێکی یەقینیی جێگیر و ڕۆچوو لە ناخدا، بەم جۆرەیش پابەندیی ئایینی زیاتر دەبێت و خۆڕاگر دەبێت لە بەرانبەر هەر گومان و هێرشێکی نەیاراندا. هەروەك بە بینینی موعجیزە و دروستبوونی دڵنیایی شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت) بەرگەی هەموو ناخۆشییەکانیان گرتووە و ئەوپەڕی تێکۆشانیان ئەنجام داوە و سەروماڵی خۆیان بەخت کردووە.

حەوتەم: هەرگیز حوکمە شەرعییەکان و یاسا خودایەکان لەگەڵ ئاوەزی دروست و زانستی ڕەسەن و جێگیر دژیەك نین و نابن، چونکە سروشتی خوێنراو و سروشتی بینراو هەردووکیان سەرچاوەیان یەکە، بۆیە مرۆڤی بروادار هەرگیز حوکمە جێگیرەکانی شەریعەت ناخاتە ژێر پرسیاری بیردۆز و ئەگەر و گریمانە زانستییەکان، چونکە هەرچی بە سرووش جێگیربوبێت لە لایەن بەدیهێنەری دانا و زانا و کاربەجێیە و هەرگیز شیاوی گۆڕان و نەگونجان نییە. بە پێچەوانەی زۆرێك لە بیردۆزە زانستییەکان کە ئەم جێگیریی و دڵنیایی و نەگۆڕییە لە تایبەتمەندییەکانیان نییە.

هەشتەم: ئاخاوتن و نووسین سەبارەت بە ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بابەتێکی تەواو زانستی و شەرعییە، بۆیە دەبێت کەسانێك لەم بوارەدا هەڵێنجان بکەن کە لە هەردوو زانستەکە بە ئاگابن، چونکە قسەکردنی نازانستیانە لەم بابەتە ئاڵۆزە ئەنجامی نەرێنی و نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە و زیانی لە سوودی پتر دەبێت.

نۆیەم: پابەند بوون بە مەرج و پێوەرە زانستییەکانی ئیعجازی زانستی نەك هەر بواری ئیعجاز بەرتەسك ناکاتەوە، بەڵکو

تەواو لە خزمەتی قورئان و سوننەتدایە، چونکە زیادەڕەوی و تێپەڕاندن لەم بابەتەدا پشت بەست بە سۆز و دەمارگیری زیانی یەکەمی بۆ بڕواداران و خودی ئەم دوو سەرچاوەیە هەیە.

دەیەم: پێویستە ناوەندەکانی پسپۆڕ لە بواری ئیعجاز و خوێندنگە و دامەزراوە زانستییەکانی بواری زانستە ئیسلامییەکان و مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازان زیاتر کار لەسەر گەنج بکەن و بتوانن وێنە ڕاستە زانستییەکەی قورئان و سوننەیان نیشان بدەن، چونکە نەیارانی ئیسلام و بێ باوەڕان تۆوی گومان لە نێوگەنجاندا دەچێنن و کاریان لەسەر دەکەن، باشترین ڕێگای بەرپەرچدانەوەی ئەم هەوڵانەیش سەلماندنی فەلسەفە و هزر و تێڕوانینی ئیسلامە بۆ ژیان و بوون، ئەمەیش پێویستی بە سەلماندنی ئەو ڕاستیە هەیە کە خاوەنی ژیان و بوون و بوونەوەر هەمان خاوەنی ئەم پەیامی ئیسلامەیە، ئەمەیش تەنها بە ئیعجاز دەکرێت، بە جۆرێك کە هەر کات ڕوویەکی ئیعجازی ئەم پەیامە دەردەکەوێت مرۆڤ ناخی دەهەژێت و لەبەردەم حەق دا چۆك دادەدات.

یانزەیەم: پێویستە مسوڵمانان بە گشتی و بانگخوازان بە تایبەتی هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئیعجازەوە بانگهێشتی بەرانبەر بکەن بۆ هاتنە ناو ئیسلام و قبوڵکردنی، گومانیشی تێدانیە کە ئەم ڕێگایە سەرکەوتوترین ڕێگایە بۆ بانگەوازی ئیسلام و گەیشتنی بە سەرانسەری جیهان.

دوانزەیەم: پێویستە بابەتە ئیعجازییەکان لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن و مەنهەجی خوێندندا گرنگییان پێ بدرێت، و وێنای دروستی ئیسلام وەك خۆی بگەیەنرێتە لاوان و فێرخوازان دور لە شێواندن و نادادپەروەری و هێرشی ناڕەوا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین پشت و پەنامان بێت بۆ خزمەت بە ئایینە پیرۆزەکەی.



لەکۆتایی کۆڕبەندەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر توێژەران و سەرۆکی دانیشتنەکاندا دابەش کرا و بەگرتنی وێنەیەکی یادگاریی بەکۆمەڵ کۆتایی هات.


به سەردانیکردنی ماڵپەڕی گۆڤاری هەیڤ،
ڕۆژانە خوێنەری چەندین بابەتی هەمەجۆری ئیعجازی زانستی ببن.




www.Haiv.org

# گەلی ناورۆ و قورئانی پیرۆز



ئا: خدر یاسین/ قەزای سۆران

## پێشەکی

دیاری و بەخششەکانی خودای گەورە و دانا، زۆرن و لە ژماردن نایەن و بەردەوامیش زیاد دەکەن. تاوەکو زیاتر بەدواداچوون لەسەر چاکەکانی خودا بکەین، هێشتا زیاتر دەبن و نابڕێنەوە. ئەم چاکی و نیعمەتانە بۆیە بەدی هێنراون تا پەروەردگاری تاك و تەنیای پێ بناسین، لەو زیاتر سوپاسی کەسی تریان لەسەر نەکەین و، لە کاری خراپە و بێکەڵك بەکاریان نەهێنین، دەنا خودای گەورە لێمان دەستێنێتەوە و لێشمان تووڕە دەبێت. ئاقڵترین و ژیرترین کەس و لایەن ئەوانەن کە بێفەرمانیی ئەو زاتە مەزنە ناکەن، بەڵکو سوپاسی لەسەر دەکەن، بەمەش بەردەوام بەخششەکانی خودایان لەسەر زیاد دەبێت، نەوەك وەکو ئەو گەلانەی خودا چاکەی زۆرو سەرسوڕهێنەری لەگەڵ کردوون، کەچی بە پێچەوانەوە پشتیان لە پەروەردگاری زانا و کاربەجێ کردووە، هەرچی پێیان دراوە؛ لە لایەن ئەو زاتەوە لە کاری خراپ و قێزەون بەکاریان هێناوە، بگرە هەوڵی دژایەتیکردنی بەرنامەی خودا و نێردراوەکانی کە پێغەمبەرانن (سڵاوی خودایان لەسەر بێت) داوە، وەکو گەلی (صالح و مووسا... هتد)، قورئانی پیرۆز کە باسی شتێك تۆمار دەکات، ئەم شتە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە تا ڕۆژی دوایی. ناوەرۆکی قورئانیش هەم بێوێنەیە و هەم پڕە لە دانایی.

یەکێ لەو گەلانەی کە ڕێزی نازونیعمەتەکانی خودایان نەگرت و گەڕانەوە دۆخی پێشوویان، گەلی ناورۆیە.

## گەلی ناورۆ کێن؟

گەلی ناورۆ (Nauru) بە گەلێکی بەخشندە ناسرابوون لە دونیادا، لە دوورگەیەك کە دەکەوێتە نێوان هاوای و ئوسترالیا، ئەو دوورگەیە ڕووبەرەکەی لە (21000) کیلۆمەتری چوارگۆشە تێپەڕ ناکات، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە نزیکەی (10000) کەس دەبوون، ژیانێکی سادە و پڕ لە هەژارییان دەبردە سەر و بژێوییان زیاتر لەسەر ڕاوەماسی بوو، ژیانیان بەم شێوەیە دەبردە سەر تاوەکو زانایەك بە ناوی (Albert faller) سەردانی دوورگەکەی کردن و پێی ڕاگەیاندن کە ئەم دوورگەیەی ئێوە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخی تێدایە. ئەم گەنجینەیەش بووە هۆی گۆڕانی ژیانیان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو. ئەم زانایە ئەوەی دۆزییەوە کە لە ژێر ئەم دوورگەیەدا، ڕێژەیەکی زۆر ماددەی فۆسفاتی تێدایە کە هێندە گرانبەهایە؛ بەرامبەر سەدان ملیۆن دۆلارە.

ئەو گەلە واتە گەلی ناورۆ (Nauru)، لە سەرەتادا لەبەر کەم شارەزایی و نەبوونی زانیارییەوە نەیانتوانی سوود لەم ماددە بەنرخە ببینن، لە دواتردا بەریتانیا هات و دەستی بەسەردا گرت و خێروبێرەکەی بۆ خۆی دەبرد و خەڵکی ناورۆش هەر بەهەژاری مابوونەوە، پاشان بڕیاری ئاڵەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەیان دا لە دژی بەریتانییەکان و، سەرەنجام سەربەخۆیی خۆیان لە ژێر دەستی ئەوان ڕاگەیاند لە ساڵی1967دا، ئەم گەلە بە هۆی سامانی سروشتیی وەکو فۆسفاتەوە هێندە دەوڵەمەند ببوون و داهاتیان زیادی کردبوو کە وای لە حکومەت کردبوو باج هەڵبووەشێنێتەوە و سەرجەم کەرتە خزمەتگوزارییەکانیش وەکو: تەندروستی، کارەبا، پەروەردە و... هتد بوون بە بێ بەرامبەر. بە واتا گشتییەکەی ئەم گەلە لە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەدا دەژیان، بە جۆرێك داهاتی ئەم ماددەیە هێندە زۆر بوو کە بەشی زیاد لە پێداویستییەکانی دەکردن، ماڵ نەبوو گرانبەهاترین کەلوپەلی تێدا نەبێ وەکو جلشۆر و فێنککەرەوە و...هتد، شەو نەبوو ئاهەنگ نەگێڕن و مەیی تێدا نەخۆنەوە، دەیانارد لە دەرەوەی دوورگەکەیان باشترین جۆری شەرابیان بۆ بێت و، ئافرەتی خراپەکار بۆ کاری لەشفرۆشی لە چەندین وڵاتەوە ڕوویان لەم وڵاتە دەکرد، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکانیان بچووکترین و سادەترین کێشەیان هەبا؛ ئەوا فڕێیان دەدایە نێو دەریا و، دەیانارد لە ئوستراليا نوێترین ئۆتۆمبێلیان بۆ دەهات، ڕووبارەکانیش وایان لێ هاتبوو کە پڕی بوون لە ئۆتۆمبێلی فڕێدراوی وا کە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو

شایەنی بەکارهێنان نەبن. لە ساڵی 1974دا داهاتی ئەو وڵاتە لە ماددەی فۆسفات گەیشتە 225 ملیون دۆلار، خەڵکەکەشی هیچ بایەخیان بە تەندروستی و لەشساغیی خۆیان نەدەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دانیشتووانەکەی زۆرینەیان قەڵەو بوون کە ڕێژەکەی گەیشتبووە لە 97% و بە دەست ئەم نەخۆشییەوە دەیانناڵاند، کەناڵی بی بی سی ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم حاڵەتە بڵاو کردبووەوە بە ناوی ئەو وڵاتەی کە دانیشتووانەکەی زۆرترین ڕێژەی قەڵەوییان تێدایە. گەلی ناورۆ هیچ بیریان لەوە نەکردبووەوە کە ئەمەش ڕۆژێك دادێت بەرەو کۆتاییبوون بچێت و فۆسفات نەمێنێت، هەر واشی لێ هات و، باری ئابووریی وڵات زۆر بە خێرایی دارما و ژیانی خەڵکی وەکو پێشتری لێ هاتەوە و گەڕانەوە سەر پیشەی باوباپیرانی خۆیان کە ڕاوەماسی بوو، ئاو و کارەباش وەك جارانی لێ هاتەوە کە وەك پێویست نەبوو[1].

## ئاماژەی ئیعجازی قورئان لەم بارەیەوە

مامۆستا فاتح شارستێنی لە وتارێکیدا لە بارەی قورئانی پیرۆزەوە دەڵێت: "قورئان کە شتێك تۆمار دەکات، هەتا قیامەت بەردەوام دەبێت[2]."

نەیارانی ئیسلام خۆیان دەستەوەستانن لەهەمبەر هێنانی یەك ئایەتی هاوشێوەی قورئان، دەیانەوێ بە وتە بێبنەماکانیان موسڵمانان لەم پەیامە بەنرخە کە قورئانی پیرۆزە؛ سارد بکەنەوە و دڵیان بە شتی نابەجێ سەرقاڵ بکەن، بۆ نموونە؛ دەڵێن: ئەو سوورەتە یان ئەو ئایەتانە بۆ ئەو کاتە بووینە نەوەك ئێستا، دەشڵێن جیهان گۆڕاوە و تەکنەلۆژیا هاتۆتە گۆڕەپانەوە و بیرکردنەوەی خەڵکیش گۆڕاوە... هتد، ئەمانە و چەندەها گوتەی لەم شێوەیە بەرگوێمان دەکەون و وەك تووتی دەیڵێنەوە.

ئێمەش دەڵێین ئەی بۆچی نەیانتوانی کارێکی وا بکەن جیهان پڕ بکەن لە دادپەروەرییەکی ڕەها، بە شێوازێك کەس چاو نەبڕێتە دەستی ئەم و ئەو، یان بەو تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن نەیانتوانی شتێك دابهێنن کە داهاتوویان بۆ بخوێنێتەوە و، هەر چی ناخۆشییە ڕزگاریان بێ لێی؟

بەڵێ، خودای پەروەردگار هیچ کارێکی لەخۆوە و بێ دانایی و لێزانی نەکردووە و نایکات، هەر خۆیشی دروستکەرە و زانایە بەوەی خراپە و چاکە لە کوێدایە، کاتێك باسی ڕابردووی گەلانی پێشوو دەکات؛ کردەوەکانیان باس دەکات، لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤەکان وشیار بن و لە خودا بێئاگا نەبن، کاتێك نازونیعمەتێکیان پێ دەبەخشێ بۆ ئەوەیە کە سوپاسگوزار بن و خراپە بڵاو نەکەنەوە، چونکە پەروەردگاری زانا تەنانەت لە بچووکترین بوونەوەریش بێئاگا نییە و چاودێریی وردترین هەنگاویشیان دەکات.

ئاماژەمان بە بەسەرهاتی گەلی ناورۆ کرد کە کێ بوون و چۆن خودای گەورە بە هۆی ماددەی فۆسفات کە ماددەیەکی کیمیاییە، چاکەی لەگەڵ نواندن و دەوڵەمەندی کردن. مرۆڤ گەر وشیار نەبێ؛ لەخۆبایی دەبێ کاتێ بووە خاوەن سامانێکی زۆر، ئەمانیش هەر وا دەرچوون و لەخۆبایی بوون.

قورئان ئەم جۆرە ڕووداوانەی تۆمار کردووە بۆمان، بۆ نموونە؛ لە بارەی دانیشتووانی ئەو دووڕگە و شارانەی پێشتر بە هەژاری و هێمنی و ئاسوودەییەوە ژیانیان دەبردە سەر و دواتر خودای گەورە؛ چاکە و ڕزقی زۆری بەسەردا باراندن، کەچی ئەوان بێئەمەکییان نواند لەهەمبەر ئەو چاکانەدا کە لەگەڵیاندا کرابوو لە لایەن پەروەردگارەوە: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا قَرۡيَةٗ كَانَتۡ ءَامِنَةٗ مُّطۡمَئِنَّةٗ يَأۡتِيهَا رِزۡقُهَا رَغَدٗا مِّن كُلِّ مَكَانٖ فَكَفَرَتۡ بِأَنۡعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلۡجُوعِ وَٱلۡخَوۡفِ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١١٢ ﴾ النحل، واتە: (خوا نموونەی هێناوەتەوە بە دانیشتووانی گوندێك کە ژیانیان بە هێمنی و ئاسوودەیی دەبردە سەر، لە هەموو لایەکەوە ڕزقوڕۆزیی جۆراوجۆریان بۆ دەهات، بەڵام لەجیاتیی سوپاسگوزاری؛ ناشوکر و قەدر نەزانی نازونیعمەتەکانی خوا بوون، ئینجا خوای گەورە پۆشاکی برسێتی و ترسی کردە کاڵای باڵایان و تاڵاوی نەداری و ترسی پێ چەشتن، لەسەر ئەنجامدانی ئەو ئیشوکارە (ناپوخت و نارێکانەدا) کە دەیانکردە پیشەی خۆیان)[3].

کاتێك ئەم ئایەتەم خوێندەوە، قسەیەکی (مامۆستا سەعید نورسی)م بیر هاتەوە کە دەفەرمووێ:

"تا ڕۆژگاریش پیر ببێت، قورئانی پیرۆز زیاتر لاو دەبێتەوە و هێماکانی پتر ئاشکرا دەبن[4]".

### هەروەها دەشڵێ:

"بەرزیی گوفتاری قورئان، سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت و بۆ تێرامان و بیرکردنەوە بانگهێشتی دەکات[5]".

بێگومان بەدیعوزەمان زۆر جوان پێکاویەتی، چونکە هیچ پەرتووکێك نییە هاوشێوەی قورئانی پیرۆز بێت کە لە هەر کات و سەردەمێکدا بێت ڕۆڵی خۆی بینیوە و بۆتە چرایەکی گەشاوە بۆ گشت پرس و نەتەوەکان، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەم پەرتووکە پیرۆزە قسە و بەرنامەی خودای زانا و بینەرە بە هەرچی لە ڕابردوودا ڕووی داوە و ئەوەشی لە داهاتوودا دێتە ئاراوە.

ئەم بەسەرهاتەی گەلی ناورۆ پێمان دەڵێ: نابێ مرۆڤەکان نەداریی خۆیان بیر بچێتەوە، هەروەها کاتێك خودای پەروەرگار بە نیعمەتێك بەسەریان دەکاتەوە، لەخۆبایی دەبن و بێئاگا دەبن لە دروستکەریان کە خودای دانایە.

## سەرچاوەکان

1- https://m.youtube.com/channel/UCNj6vk6Tr2bdtv-vwdvq/videos
https://youtu.be/32eajk5AaH8

2- مامۆستا فاتح شارستێنی، وتاری (ڕێزی ئافرەت لەپێش ئیسلام).
https://youtu.be/hd5R9rLMh9l

3- سوورەتی النحل، ئایەتی (112) تەفسیری ئاسان، تەفسیرکردنی: بورهان محەمەد ئەمین، چاپی2016، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

4- سەرجەمی پەیامەکانی نوور، بەرگی(5)، پاشبندەکان، بەدیعوزەمان سەعیدی نورسی دایناوە، فارووق ڕەسووڵ یەحیا کردوویەتی بە کوردی، چاپخانەی: مهارت تهران: نشر احسان 2014ز، لاپەڕە (259).

5- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

# پێشەنگیی قورئان لە یاسای نێودەوڵەتیدا



ئا: محەمەد حسێن کەریم
muhamed.hussen@yahoo.com

تەشریعی ئیسلام؛ تەواوترین و دادپەروەرانەترین و گونجاوترین بەرنامەیە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان، لەو دەمەی قورئان دابەزێنراوەتە سەر پێغەمبەرمان محەمەد ﷺ و کۆتایی بە دابەزینی هاتووە و بەرنامەکەی تەواو و کامڵ بووە، بە جۆرێک ئیدی تەنها قورئان تاکە سەرچاوەی یاسادانانی ژیانی موسڵمانان بووە و لەگەڵیشیدا سوننەتی پیرۆز بوەتە راڤەکاری ورد و تەواوی ئەم تەشریعە پوختە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ﴾، واتە: "ئێمە لەم قورئانەدا هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە"، لەم سۆنگەیەوە قورئان پێشەنگی هەر یاسایەکە سەبارەت بە ژیانی مرۆڤایەتی و پێوەندییەکانی نێوانیان لە دۆخی ئاشتی و شەڕیشدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو پێشەنگبوونەی قورئانی پیرۆز دەردەخات کە بەر لەو لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا یاسای لەو جۆرە نەبووە.

هەروەك چۆن لە کاتی ئاشتیدا مرۆڤەکان ماف زەوتکراو و چەوساوە بوون، لە کاتی جەنگیشدا زیاتر و زیاتر مافەکانی دووچاری پێشێلکردن دەبوونەوە، زیاتریش گیرۆدەی زوڵم و ستەم دەبوون، بەڵام بە دەرکەوتنی ئیسلام؛ مافیان پارێزراو بوو هەروەك چۆن پێشتر ئەو مافەی لە کاتی ئاشتی و ئاساییدا بۆ گێڕدرابووەوە، هەر ئاواش لە دۆخی جەنگدا مافی پارێزراو بوو، ئەویش بە پەیڕەوکردنی دادگەری لە هەردوو حاڵەتی جەنگ و ئاشتیدا، ئەمە بەڵگەی گشتگیریی (ئەحکام)ەکانی ئیسلام و لێبووردەیی و دادگەری دەگەیەنێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، هەر لەبەر ئەوەیە زۆرێك لە فیقهزانە موسڵمانەکان ئەو یاسایانەی لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی جەنگدا هەیە، زۆر پێش ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی باس لە زۆرێك لە بەندەکانی بکات، کۆیانکردوونەتەوە لە کتێبی سەربەخۆدا، لەوانە فیقهزان محەمەدی شەیبانی یەکەم کەسە کە ڕێسا و بنەما و حوکمەکانی ئەم زانستەی لە دووتوێی دوو کتێبیدا: (السير الكبير والسير الصغير) داڕشتووە.

لەگەڵ ئەوەی ئایینی ئیسلام فەرمانی بە تێکۆشان و بەرگری داوە لە دژی ئەوانەی بەرەنگاری خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هۆکاری گەورە دەگرێتە بەر، لەگەڵ ئەوەشدا مافگەلێکی داناوە کە دەبێت بپارێزرێت، هەروەها پیادەکردنی ڕێساکانی جەنگ لەناو موسڵماناندا عیبادەتە و بە پێڕەویکردنیان موسڵمانان لە خودا نزیك دەبنەوە، ئەمەش بەرزیی یاسای خوداییە کە بۆ هەموو خەڵك رەحمەتە، هەر چەندیش لە بیروباوەڕدا پێچەوانەی بن و لەگەڵیدا بجەنگن، دیارە ئەوەش گەورەیی ئیسلام دەردەخات. یاساناسە ڕۆژئاواییەکان لە کۆنەوە ئاماژەیان بە گەورەیی شەریعەتی ئیسلامی و ئاگاداربوونی وردی لە پێداویستیی کۆمەڵگە کردووە، لە نووسینەکانیاندا ئەو یاسایانەیان بەرز نرخاندووە کە لە ئیسلامەوە وەرگیراون.

جێی ئاماژەیە لە چەند کۆنگرەیەکی زانستیی نێودەوڵەتیدا، هەر لە ساڵی1932 ەوە دان بە شەریعەتی ئیسلامدا وەك سەرچاوەیەکی جیهانیی یاسادانان و لێوەرگرتندا نراوە، لەوانە:

1. یاسای بەراوردکاریی نێودەوڵەتی لە لاهای، ساڵی 1932.
2. کۆنگرەی لاهای کە ساڵی 1937 بەستراوە.
3. کۆنگرەی یاسای بەراوردکار لە لاهای، ساڵی 1938.
4. کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن، ساڵی 1945.
5. بەشی مافەکان لە کۆڕی نێودەوڵەتی بۆ یاسای بەراوردکار لە پاریس، ساڵی1951.

لەو کۆنگرانەدا بڕیار لەسەر یاساگەلی گرنگ دراون، وەك:

أ. دانانی تەشریعی ئیسلامی وەك چوارەم سەرچاوە بۆ بەراوردکردنی سەرچاوەی یاساکان.

ب. شەریعەتی ئیسلامی سەربەخۆیە و لە یاسای ڕۆمانی یا هەر سەرچاوەیەکی دیکەوە وەرنەگیراوە.
ج. گونجانی فیقهی ئیسلامی بۆ گشت کات و شوێنێك.
د. نوێنەرایەتیکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە دادگای نێودەوڵەتیدا.

لە کۆنگرەی لاهای بۆ یاسای بەراوردکاری ساڵی 1932دا، یاساناسی فەرەنسی "لامبیر"، ئاماژە بۆ ئەو ڕێزە گەورەیە دەکات کە لە تەشریعی ئیسلامی نراوە لەلایەن یاساناسانی ئەورووپا و ئەمەریکای ئەم چەرخە و دەڵێت: "لە شەریعەتی ئیسلامیدا چەند ڕەگەزێك هەن ئەگەر باش دابڕێژرێن، ئەوا تیۆری و بنەمای وایان لێ چێ دەبێت کە لە بەرزی و ڕێکردنیان لەگەڵ پێشکەوتندا؛ هیچیان لە باشترین تیۆرییە یاساییە ڕۆژئاواییەکانی ئێستا کەمتر نییە.

هەر وا "فیتو ریا وسوارس" و "میشیل دی توب"؛ مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی لە لاهای لە هۆڵەندا، کە ئەم یاساناسە زۆرێکی لەو بنچینە و ئەحکامانە، بەتایبەتی ڕێساکانی جەنگ، باس کردوون کە ئیسلام زۆر پێش یاسای نێودەوڵەتی دایناون و ڕێکی خستوون، هەر وا ڕاسپاردەکەی ئەبو بەکری (رضي الله عنه) بۆ سەربازەکانی بە نموونە هێناوەتەوە، ئەمەشی لە بەشی یەکەم لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 1926ئەکادیمیای یاسای نێودەوڵەتی باس کردووە، هەروەها ئەو فەرمانانەشی باس کردووە کە خەلیفە "الحاكم بن عبدالرحمن" لەو بارەوە ساڵی 963 لە قورتوبە دەریکردوون، واتە پێش بۆ ئاشتی کارکردنی کەنیسەی پاپایی، هەروەها لەوانەش: مێژوونووس "سیدیو" لە کتێبەکەیدا "مێژووی عارەبان"، لاپەڕە 152، کە تیایدا زۆرێك لە پەسەندی ئیسلامی بەسەر شارستانیی ڕۆژئاواوە، بەتایبەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا ژماردووە.

**لە خستنەڕووی ئەم ڕێنماییانەی دەربارەی مافی مرۆڤ لە کاتی جەنگدا دیاری کراون، گەورەیی ئەو هۆکارانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەمانەن:**

• حەرامکردنی کوشتن بە ناهەق: خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾﴾ الأنعام، واتە: "قەدەغە کراوە لە ئێوە کوشتنی مرۆڤی بێتاوان، ئەوە ئامۆژگاریی پەروەردگارتانە بۆتان گەر ئێوە ژیرن."

ئەبو سعود (رحمه الله) دەڵێت: حەرامە کوشتنی کەسی داڵدەدراو لەبەر ئەوەی موسڵمانبوون پارێزی داوەتێ، یان پەیمانی پاراستنی هەیە مەگەر دەست بداتە دوژمنایەتی.

**لە بنەما گشتییەکانی یاسای (جنێف)دا هاتووە:**

پارێزی خودی مرۆڤ: جەنگ نابێت ببێتە پاساوی دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی ئەوانەی بەشداری ناکەن لە شەڕدا، یاخود ئەوانەش کە توانای شەڕکردنیان نەماوە.

پێشتر قورئانی پیرۆز ئەم بنەمایەی دووپات کردۆتەوە: هەموو مرۆڤێک خوێنی پارێزراوە ئەگەر کافریش بێت، بە مەرجێک خوێنی کەسی تری بە ناهەق نەڕشتبێت، شەڕیش بەهانە نییە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی کەسانی بێ چەک ئەگەر بەشداری جەنگیش بن، ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هەر کاتێ پێغەمبەر ﷺ سوپای بەڕێ بکردایە، ئەم فەرمانانەی پێ ڕادەگەیاندن و دەیفەرموو: "بە ناوی خودا بەڕێ بکەون، بزانن ئێوە لە پێناوی خودا لە دژی ئەوانەی بێباوەڕن؛ دەجەنگن، لە کاتی شەڕکردندا سنوورشکێن مەبن، زیادەڕەوی مەکەن، ئەتک مەکەن، منداڵان و ئەوانەش لە پەرستگاکاندان مەکوژن."

• کاتی بەرپابوونی شەڕ لەنێوان ئیمانداران، ئاشتکردنەوەیان واجبە. هەروەک خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾﴾ الحجرات.

"طبری" (رحمه الله) دەڵێت: زانایان دەڵێن کۆمەڵی موسڵمانان بەدەر نین لەوەی کە جاری وا هەیە دەشێت هەر دوولا بە ناهەق شەڕی یەکدی بکەن، لەبەر ئەوە واجبە لایەک بکەوێتە نێوانیان و ئاشتیان بکاتەوە بە جۆرێکی وا بێت خۆشی و لێکتێگەیشتنی لێ بکەوێتەوە، گەر پێک نەهاتن و ئاشت نەبوونەوە و هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون و ئەوان سوور بوون لە ملنەدان بۆ ئاشتی و بەردەوام بوون لە شەڕ دژ بە یەک، ئەوا دەبێت هەردوو لایان بەزۆر یان ئەگەر بە شەڕیش بێت ملکەچ بکرێن.

خۆ ئەگەر یەکێک لەو دوو لایەنە شەڕکەرە لەسەر حەق نەبوو بەرانبەر ئەوی تریان و لە شەڕکردنیش هەر بەردەوام بوو، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی ببنەوە، تاوەکوو مل دەدات و واز دەهێنێت، ئەگەر وازی لە شەڕکردن هێنا، ئەوا لەگەڵ یەکدی ئاشت دەکرێنەوە و بەدادپەروەرانە نێوەندگیرییان دەکرێت.

یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە گرنگیدانیان بە لایەنی پاراستنی مرۆڤەکان لە نەهامەتییەکانی کاتی جەنگ بە هەند وەرنەگرتووە، بەتەنها لەو کاتانەدا پەنا دەباتە بەر گرتنەبەری یاساکان کاتێک کە ترسی لەوە بێت کە لایەنە شەڕکەرەکان پابەندی بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان نەبن کە مۆر کراون سەبارەت بەو کەسانەی کە دەبێت گیانیان پارێزراو بێت .

• لە پشتیوانیکردنی کەسانی بێدەرەتاندا، خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾﴾ النساء.

واتە: "ئێوە هیچ بیانوویەکتان نییە لە وازهێنانتان لە شەڕکردن، لە کاتێکدا پیاوان و ژنان و منداڵانی موسڵمانان لەوپەڕی بێدەسەڵاتی و بێنەواییدان و دەچەوسێنرێنەوە. ئەمەش بەڵگەی سووربوونی ئیسلام دەردەخات لەسەر ڕزگارکردنی پیاوان و ژنان و منداڵانی بێدەسەڵات لە وڵاتی کافراندا، کاتێ تووشی چەوسانەوە دەبن و توانای دەربازبوونیان نییە،

هەروەک حاڵی هەندێک لەو موسڵمانە بێدەسەڵاتانەی شاری مەککە پێش ڕزگارکردنی هەیانبوو.

ئەم بەدەمەوەهاتن و پشتیوانییە، بەو کارە مرۆڤایانەیە دادەنرێ کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە بەرگریکردن و پارێزگاریلێکردنی هاوڵاتیان و دیلەکانی جەنگ و نەخۆش و زاماران.

قورئانی پیرۆز شەڕکردنی لە پێناو ڕزگارکردنی ئەوانەدا دووپات کردۆتەوە، لە کاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی دەستەوسانە لە سەپاندنی پارێزگاریکردنیان لە کاتی جەنگدا، چونکە هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نانێت بۆ ڕاگرتنی شەڕ و هەڵگرتنی زوڵم و زۆری لەسەریان.

• خوای گەورە دەربارەی کەسانێ کە یەکێک لە مردن ڕزگار دەکەن، دەفەرمووێت: ﴿ مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ ﴿٣٢﴾ ﴾ المائدة.

رازی رحمه الله دەڵێت: مەبەست لە زیندووکردنەوەی کەسێ (أَحۡيَاهَا)، بە واتای ڕزگارکردنیەتی لە تیاچوون بە هۆی: سووتان، نقومبوون، برسێتیی کوشندە، سەرما و گەرمای لەڕادەبەدەر. ئەمە بووەتە دانپیانانێک و بنەمایەکی گرنگ بۆ مرۆڤایەتی لە جەنگەکاندا، چونکە ژیان بەهادارە و بەخششی خودای گەورەیە، پاراستنیشی لە بەرژەوەندیی خەڵکییە. دەبێت ئەوە بزانرێت شەڕکردن لە ئیسلامدا لەبەر خوێنڕێژی ناکرێت، بەڵکوو لە پێناوی ئەوە دەکرێت کە خەڵکی لە ژیانیان دڵنیا بنەوە و لەوە تێبگەن کە بەڕاستی لە سێبەری ئەودا بەرگرییان لێ دەکرێت، ئەوەشی تێدایە خزمەتکردنی دیلە بریندار و نەخۆشەکان و ئەو هاوڵاتییانەش دەگرێتەوە بە هۆی جەنگەوە لێیان قەوماوە و پەراگەندە بوون و زەبریان پێ کەوتووە، یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتییش هاوڕایە لە پێویستبوونی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەوانە.

• ڕێنەدان بە زێدەڕۆییکردن لە تۆڵەسەندنەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورٗا ﴿٣٣﴾ ﴾ الإسراء. ئیمانداران کاتێ سەرپشک دەکرێن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژی کوژراوەکەیان، نابێت زێدەڕەوی بکەن یان ئەتکی بکەن، یان کەسێکی تر لەبریی تاوانبارەکە بکوژنەوە، لەمەش دوو ئەرک دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن کوژراوەکە:

**یەکەمیان**: دادوەر بێت و هەر تاوانبارەکە بکوژرێتەوە، وەک ئاماژەی پێ دراوە.

**دووەمیان**: پارێزگاری لە کوژراوەکە بکرێت و بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایە.

جەنگ لە ئیسلامدا، لە دژی ئەو زاڵمانە دەبێت کە دەستدرێژی دەکەنە سەر دینی خەڵکی و، ماڵ و سامان و مافەکانیان پێشێل دەکەن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٩١﴾ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٩٢﴾ ﴾ البقرة. واتە: "لە پێناوی خودای گەورەدا بجەنگن دژی ئەوانەی لەگەڵتان بەشەڕ دێن. زێدەڕەوی نەکەن، چونکە خوای گەورە سنووربەزێنەکانی خۆش ناوێت. هەر کە بەوانە گەشتن دەتانکوژن، ئێوەش دەستیان لێ بکەنەوە و، وەدەریان نێن، چۆن ئێوەیان دەربەدەر کرد. ئاگادار بن ئاژاوەنانەوە لە کوشتار خراپترە (لەنزیک مزگەوتی حەرام)، لەگەڵیان بەشەڕ مەیەن تا دەستپێشخەری دەکەن لە شەڕ لەبەرانبەرتان، ئەو کاتە ئێوەش دەستیان لێ بکەنەوە، هەر وەهایە پاداشتی ئەو کافرانە. خۆ ئەگەر دەستیان لە شەڕکردن هەڵگرت، ئەوا خوای گەورە لێبووردە و بەبەزەییە."

نابێت شەڕ لەگەڵ کەسانی ئاشتیخواز و کەنارگیر لە شەڕ بکرێت، ناشبێت دەستدرێژییان بکرێتە سەر، هەر کاتێک شەڕکەر خۆی بەدەستەوە دا، دەستی لە شەڕکردن هەڵگرت؛ پێویستە ڕاستەوخۆ لە خۆی و سەروەت و سامان و ماڵ و منالی دڵنیا بکرێتەوە. یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی لەمەشدا لەگەڵ ئەم ڕاستییەی قورئاندا هاوڕایە، وەک لە یاساکەدا هاتووە: ڕێزگرتنی ئەو کەسەی چەک فڕێ دەدات یان چیتر توانای شەڕکردنی نەماوە .

• لە کاتی جەنگدا دەبێت بەبەزەییانە و مەردانە شەڕ بکرێت، نابێت جەستەیان نە بەزیندوویی یا بەکوژراوی بشێوێنرێت.

ئیسلام پارێزگاریی مافی مرۆڤی کردووە و بە زیندوویی و بەمردووییش دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، لە کاتی ئاشتی و جەنگدا هەر بەو جۆرەیە، تەنانەت لە کوشتنیشدا هەر دەبێت بەڕێزەوە بکوژرێت، هەر وەک لە حاڵی ژیانیدا بەڕێز بووە. لەم ڕووەوە یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی هەر وەهایە و هەر لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنانی چەکی بایەلۆجی و کیمیاوی و هەندێک جۆری دیی تەقەمەنییشی قەدەغە کردووە.

• بەرتەنگکردنەوەی پەنابردن بۆ شەڕکردن بە بەردەوامی، ئەویش بە دیاریکردنی هەندێک کات و شوێن و قەدەغەکردنی شەڕکردن تییاندا، وەک مانگ و جێگە (حەرامە)ەکان وەک شاری (مەککە)ی پیرۆز، وەک خوای گەورە دیاری کردوون وەک دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرٗا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٞۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡۚ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾ التوبة، واتە: "ژمارەی مانگەکان لای خوای گەورە دوانزە مانگن، لەو کاتەی زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە، لەوانە چواریان (حرم)ن و شەڕکردن تیایاندا قەدەغەیە، ئا ئەمەیە ڕێگە ڕاستەکە و بە شەڕکردن لەو کاتانەدا زوڵم لە خۆتان مەکەن."

بەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاشتی بەرپا دەبێت و ئارامی و سەقامگیری دەچەسپێت. لەو ماوانەشدا مرۆڤ لە خۆی دڵنیا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی هەڵگری هەر باوەڕ و دینێک بێت؛ لە شەڕ وەستاندا دەروونەکان ئارام و هێور دەبنەوە. تا ئێستەش وڵاتان نەگەشتوون بە پەیمانێکی لەم جۆرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەر چەندە گرنگیشە.

• داڵدەدان لە کاتی جەنگدا، تا دەگەیەنرێنە جێگەیەکی ئارام. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ﴿٦﴾ ﴾ التوبة، واتە: "ئەی محەمەد، هەر کاتێ کەسێکی موشریک هانای بۆ هێنای تا داڵدەی بدەی؛ وەڵامی بدەوە و ئارامی بکەرەوە و پەیامی خودای پێ ڕاگەیەنە تا ڕەوانەی ئەو جێگەیەی دەکەی کە ئەو تیایدا دڵنیا دەبێت لە خۆی." دەتوانرێت ئەم ئایەتە بکرێتە بنەما دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی دوژمنەوە ڕوو لە خاکی ئیسلام دەکەن بە مەبەستی: بازرگانی یا داواکردنی ئاشتبوونەوە، پەیمانبەستن، یا ئەو کەسانەی کە جزیە ڕادەستی دەوڵەتی موسڵمانان دەکەن، یان هەر جۆرێکی تر لەو هۆکارانە، دوای ئەوەی لە پێشەوای موسڵمانان یان جێگرەکەی دەخوازن ڕێیان پێ بدەن، ئەوکات دەهێڵرێت بێنە ناو خاکی موسڵمانانەوە و بگەڕێنەوە بە ئارامی و دڵنیاییەوە.

داڵدەدان لە کاتی جەنگدا پارێزی زۆر دەبەخشێتە مرۆڤەکان، هەروەک چۆن یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ دەدات، چونکە یاساکە ئەو مافە دەبەخشێتە سوپا بۆ ڕێگەپێدان بە هەر کەسێ کە جێی مەترسی نییە یان کەڵک لە هاتنی وەردەگیرێت.

بەڵام لە ئیسلامدا هەموو کەس مافی داڵدەدانی هەیە، ئەگەر خاوەن پێگەی سەربازیش نەبێت!

• لە کاتی جەنگدا کاتێ مرۆڤەکان بە دیل دەگیرێن، دەبێت مافیان هەر پارێزراو بێت، نابێت ئەو مافەیان لێ زەوت بکرێت یان ئازار بدرێن، بەڵکوو دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، هەروەها ئیسلامی پێ دەناسێنرێنێت، خۆ ئەگەر باوەڕی هێنا؛ ئازاد دەکرێت، ئەگەر باوەڕیشی نەهێنا؛ ئەوا بە مەرج یان بێ مەرج دوای کۆتاییهاتنی جەنگ ئازاد دەکرێت، جاری وا بووە پارەشیان دراوەتێ. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّمَن فِي أَيْدِيكُم مِّنَ الْأَسْرَىٰ إِن يَعْلَمِ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِّمَّا أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٠﴾ ﴾ الأنفال، واتە: "ئەی پێغەمبەر ﷺ بەوانە بڵێ کە لای ئێوە دیلن کە خودا ئاگادار و زانایە بەوەی نێو دڵتان، جا ئەگەر چاکە بوو؛ تووشی چاکە دەبن، لەوەش باشترتان پێ دەبەخشێت کە لێتان سەنراوە، ئەوجا لێشتان دەبوورێت، هەر ئەوە بەخشەرە و بەبەزەییە". لێرەشدا یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی هاوڕایە لە سەپاندنی پارێزگاریی پێویست بۆ دیلکراوانی جەنگ، ئایینی ئیسلام لە جێبەجێکردنی ئەم هەقە قورئانییەدا هیچ جیاوازییەکی ڕەگەز یان ڕەنگ یا بیروباوەڕ نەکردووە، پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی کە لە جێبەجێکردندا تەنها ئەو لایەنانە کەڵک وەردەگرن لە یاساکە کە هاوڕان لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا، بەڵام ئەوەی مۆری نەکردبێت؛ سوودمەند نابێت.



**لەوەی پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە :**

• پێشڕەویی قورئان لە دیاریکردنی مافەکان، پێش یاسا نێودەوڵەتیی و مرۆڤایەتییەکان کەوتووە، وەک ئەوەی لە بنەماکانیدا ئاماژەی پێ دراوە.

• گشتگیربوونی تێڕوانینی قورئان بۆ مرۆڤایەتی، لە چاو ئەو چروپڕییەی لە بنەماکانی پەیماننامەکەدا بەدی دەکرێت، بەڵام هێشتا قورئانی پیرۆز گشتگیرتر و وەردترە، لەگەڵ ئەوەی دەستەواژەکانی قورئان کورتن، بەڵام بارتەقای واقیعن، چونکە بەتەنها مرۆڤبوونی لە بەرچاو گرتووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی جەنگەکاندا.

• قورئان تاک لایەنە لە ڕووی: پێویستبوونی ئاشتکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و سەرخستنی بێنەوا و لاوازەکان و بوونی مەودای زەمەنی کە شەڕکردن تێیدا حەرام و قەدغە کراوە. هێشتا لایەنەکان کە ئەندامن لەم یاسایەدا، نەگەشتوون پێی.

ئەوەی لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد، هەندێک لە مافەکانی مرۆڤن لە وەختی جەنگدا لە دەقە قورئانییەکاندا کە بەڵگەشن لەسەر بوونی مافگەلی دی و ئاماژەشن بە هەبوونی.

**سەرچاوەکان:**


1- (ألإعجاز القرآني في القانون الدولي، د. عبدالرحمن بن جميل قصاص)، لە توێژینەوەکانی کۆنگرەی هەشتەمی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا کە لە ساڵی 2006 لە وڵاتی کوەیت بەڕێوەچوو.

2- بەراوردی نێوان ڕێساکانی جەنگ لە ئیسلام و یاسای هاوچەرخی نێودەوڵەتیدا، نووسینی د. مصطفى السيد ابوالخير، وەرگێڕانی: د. دارا گوڵ .



# نەخشەسازیی دارکونکەرە

و. لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: ڕێبەر هادی
پ: تارا حەمە شوکور حەمە سۆفی

هەروەك گشتمان دەزانین دارکونکەرەکان بە دەنووکیان قەدی دارەکان کون دەکەن و هێلانەکانیان تیا بنیات دەنێن، زۆرینەی خەڵکیش بەوە ئاشنان، بەڵام ئەوەی کە زۆرێك لە خەڵك بۆیان ساغ نابێتەوە ئەوەیە کە ئایا بۆچی دارکونکەرەکان تووشی خوێنپژان نابن لەو سەر پیاکێشانە زۆر بەهێزەدا! ئەوەی کە دارکونکەرە دەیکات بە جۆرێکە هاوشێوەی ئەوەیە کە مرۆڤ بە سەری خۆی بزمار بە دیواردا دابکوتێت. ئەگەر کەسێك بوێرێت شتێکی لەو جۆرە بکات، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە تووشی لێدانی مێشك (شۆك) و پژانی مێشك ببێت. لە کاتێکدا دارکونکەرە لە ماوەی 2 بۆ 3 چرکەدا، 38 بۆ 43 جار دەنووك دەدات لە قەدێکی ئەستووری دار، وە هیچ شتێکیشی لێ نایەت[1].

